# كورسييەكان

پرۆژەی تیپی شانۆی سالار
بۆ چاپکردنی تێکستی شانۆیی
(١)

شانۆیی

# کورسییەکان

نووسینی
**یۆژین یۆنسکۆ**

وەرگێڕانی
**ئەحمەد سالار**

و. ئەحمەد سالار

سەرپەرشتیاری پرۆژە

**یاسین قادر بەرزنجی**


- ناوی کتێب: کورسییەکان
- بابەت: شانۆیی
- ناوی نووسەر: یۆژین یۆنسکۆ
- ناوی وەرگێڕ: ئەحمەد سالار
- دیزاین: یادگار ئەورەحمان
- بەرگ: قادر میرخان
- بڵاوکەرەوە: تیپی شانۆی سالار
- تیراژ: ٧٠٠ دانە
- چاپ: چاپخانەی تیشک / سلێمانی
- سلێمانی / ٢٠٠٦

# یۆژین یۆنسکۆ*

ئا/ یاسین قادر بەرزنجی

ڕەخنەگران لەسەر ئەوە ناکۆکن کە ئایا هەریەك لە شانۆگەرییەکانی "یۆنسکۆ" چی دەڵێن، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە یۆژین یۆنسکۆ بۆ خۆیشی لە کۆتاییدا شتێکی ئەوتۆ ناڵێت.

بەڵام باشترین گۆشە کە لێوەی بڕوانینە شانۆکەی، ئەوەیە کە دەبینین شانۆگەرییەکانی هەوڵدانێکی هونەرییە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی میتافیزیکی کە گیانی ئەوی پەرێشان کردووە بۆ گەڕان بەشوێن مانای بووندا.

شێوازی ئەو لە نووسیندا تێکشکاندنی پەیوەندییە مەئلووفەکانی نێوان هەموو شتەکانە، ئەو ئادەمزاد لە پەرستنی واقیع ڕزگار دەکات و جۆرە پەیوەندییەکی چاوەڕوان نەکراو دەخاتە بەرچاو.

یۆنسکۆ داوادەکات پرسیار لەمەڕ بنچینەی شتەکان بکرێت و هەروا خۆنەدرێتە دەست هەرشتێك لە شوێنی سروشتیی خۆیدا، هەر ئەوەش ڕاستییە هونەرییەکان و بەها نوێیەکانمان پێدەگەیێنێ.

ئەرکی یەکەمینی هونەریش تاقیکردنەوەی چۆنێتی پەیوەندییەکانە و دەرخسانیانە لە شوێنی ناسروشتیی خۆیاندا، ئەوەش وا لە بینەران دەکات کە تووشی ڕامان بن.

**و. ئەحمەد سالار**

یەك لە شێوازەکانی دیکەی نووسینی ئەو ڕۆچوونە بە ناخماندا لەڕێی خەونەوەیە، چونکە لای ئەو خەوبینین هیچی لە دیتنی واقیع کەمتر نییەو چاوە خەوتووەکان ڕاستی ئەوتۆ دەبینن کە هیچیان لە دیتنی چاوەکراوەکان کەمتر نییە.

هەربۆیە، یۆنسکۆ پێی وایە هەر کۆششێ بکرێت لە پێناوی گواستنەوەی واقیعدا بۆ سەر شانۆ لە کات بەفیڕۆدان بەولاوە چی تر نییە، چونکە حەقیقەتی نێو ئەندێشە زۆر قووڵ تر و کاریگەرترە لەواقیعی ڕۆژانە.

بەلای یۆنسکۆوە بەرهەمی هونەریی زادەی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو خودی بەرهەمەکە دەبێتە بیرۆکە و خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات..، پێشی وایە ڕەخنەگران بەرلەوەی بچنە دیتنی شانۆییەکانی بڕیاری پێشەوەخت و بیروڕای خۆیان داوە، کە لە شانۆگەرییەکانی ئەودا بیروڕاکانی خۆیان نابیننەوەو تووشی هیوابڕاوی دەبن، سەیرە، خەڵکی بەگشتی و ئەو ڕەخنەگرانە بەتایبەتی بیانەوێ هونەرمەند کۆیلەیان بێت.!

سەبارەت بە زمانیش، یۆنسکۆ بۆ سەلماندنی ناماقووڵیی زمان، پەنا دەباتە بەر شتی پڕوپووچ و وشەی بێ مانای چەند بارەکراوە.

ئەکتەر لای یۆنسکۆ مرۆڤێکی ئاساییەو ژیانی تایبەتی خۆی دەژی و هاوکات پاڵەوانی نێو شانۆگەریی دەژێنێتەوەو ئەگەر باش بخرێتە کار ئەوا شپرزەییەکی درامی ئەوتۆ دەخاتە بەرچاو کە هەرگیز چنینی زۆر لە شانۆگەرییە تەقلیدییەکان ئەوەیان پێ ناکرێت، گەوهەر لای ئەم نووسەرە ئەوەیە بینەر تەواو جووت بێت لەگەڵ هێزی هونەریی کاری ئەندێشەدا، ڕووداوەکان کە دەکەونە بەرچاوی بینەر بە گرنگیان بزانێت.

دیارە (کورسییەکان) یەکێکە لەشانۆگەرییە هەرە دیارەکانی یۆنسکۆ کەتەواو سیماو شێوازی ئەوی پێوە دیارە.

---

* لە پێشەکیی وەرگێڕی عەرەبیی کورسییەکان ( د. نعیم عطیة )وە

ئەم شانۆگەرییە:

بۆ یەکەمجار لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٥٢ لـە سەر شانۆی (لاتکـری) پـاریس نوێنـدراوە و لـە دەرهێنـانی (سـلفین دوم) بـووەو دیکـۆری (جـاک نوبلʼ)و لە نواندنی (بول شیفالیە، شیللا شیلتون، سیلفین دوم) بووە.

## کارەکتەرەکان

| | |
|---|---|
| پیرەمێرد | ٩٥ساڵ |
| پیرەژن | ٩٤ ساڵ |
| وتاربێژ | ٤٥ تا ٥٠ ساڵ |

لەگەڵ چەند کەسێکی دی

# دیکۆر

شانۆ دیـوارێکی بازنـەیی سـێ لای گـیراوە، هۆڵێـک چـۆڵ و هـۆڵ، لـە لای راسـتی شـانۆکەوە و لـە سـەرەتای پێـشەوە سـێ دەرگـا هەیـە، پەنجەرەیـەک کـە پەیژەیـەکی لـە بەردەمایـە، دەرگایەکی تریش لەگـەڵ گەڕانـەوەی دیوارەکـە بـۆ پشتەوەی شـانۆ دەرگایـەکی گـەورەی جـووت زەنگوڵـەدار هەیـە، دوو دەرگـاش لەملاوئەولایـەوە بەرامبـەر بـەوە، کـە یـەکێکیان مەبەست نییە بینەران بیبینن .

لـە لای چـەپی شانۆکەشـەوە چـوونی لای راسـت وایـە. پاشـان تەختـەرەش و سـەکۆیەک بـۆ وتاربێـژیی هەیـە، لـە پـشتەوەی شـانۆکەدا دووکورسـی لەلایەکـەوە دانـراون، گڵـۆپێکی غـازی بـە بنمیـچی شانۆکەدا هەڵواسـراوە، راڕەوێـک لەپشتەوەی شانۆکەدایەو چەند کورسییەک لەسەر شانۆیە..

(پەردە لادەدرێ، شانۆ نیمچە تاریکە، پیرەمێردەکە لەسەر پەیژەکە کەوتووە و سەری لە پەنجەرەکە شۆڕکردۆتەوە و لە دەرەوە دەڕوانێ. پیرەژنەکە گلۆپەکە ئیش پێ دەکات، ڕووناکیەکی سەوز، دەڕوات و پیرەمێردەکە قۆڵکێش دەکات)

**پیرەژن:** دەی ئەزیزم، پەنجەرەکە داخە، بۆنی ئاوە پەنگ خواردووەکان پیسە، کێچ ئەهێنێ .

**پیرەمێرد:** لێمگەڕێ

**پیرەژن:** دەی دەی ئەزیزەکەم، وەرە دانیشە، ئەونە خۆت شۆڕمەکەرەوە لەوەیە بەربیتەوە ناو زۆنگەکەوە، دەزانی فرانسوای یەکەم چی بەسەرهات؟ دەبێ وریا بیت .

**پیرەمێرد:** دەی نموونەی تری مێژوویم بۆ بێنەرەوە! هەی ژنە بۆگەنەکە، بێزارومانـدوو بووم لە مێژووی فەڕەنسا، دەمەوێ ببینم، بەلەمەکان لە بەرتیشکی خۆرەکەدا و لە سەر ڕۆخی ئاوەکە وێنەی پەڵە پەڵە دەکێشێ .

**پیرەژن:** ئەزیزم، ناتوانی بیانبینی، لە بەر ئەوەی شەوەو خۆر هەڵنەهاتووە.

**پیرەمێرد:** بەهەر حاڵ سێبەرەکان ماون. (زیاتر خۆی شۆڕدەکاتەوە)

**پیرەژن:** (بە هەموو هێزی رایدەکێشێ) ئاه... عەزیزم تۆ ئەمتۆقێنی... وەرە دانیشە، نایانبینیت بێن، ئەوە ناهێنێ... کات شەوە. (پیرەمێردەکە بە دڵتەنگیەوە بۆ لای دەڕوات)

**پیرەمێرد:** ئەمویست ببینم، شەیدای ئاو بینینم .

**پیرەژن:** عەزیزم، چۆن ئەتوانیت؟ ئەو شتە تووشی سەرە خولێم دەکات. ئاه... ئەم ماڵە، ئەم دورگەیە ناتوانم تیایا رابێم، ئاو لە هەرچوارلاوە... ئاو لە ژێر پەنجەرەوە، ئاو هەتا ئاسۆ، هەتا چاو بڕکا..

**(پیرەژنەکە پیرەمێردەکە بەرەو دیوی دوو کورسیەکەی پێشەوەی شانۆ دەبات. پیرەمێردەکە لە خۆیەوە لە سەر رانی پیرەژنەکە دادەنیشێ )**

**پیرەمێرد:** سەعات شەشی ئێوارەیە... لەگەڵ ئەوەشا شەو داهاتووە. بەبیرم دێ، جاران وانەبوو، جاران تا سەعات نۆ هەر روونـاك بوو، بگرە تا سەعات دەش، لە نیوە شەویشدا.

**پیرەژن:** وایە، راستە، زەینێکی روونت هەیە..

**پیرەمێرد:** شتەکە زۆر گۆڕاوە.

**پیرەژن:** بەلای تۆوە هۆی چییە؟

**پیرەمێرد:** نازانم، هەی سەمیرئامیس، ئەی نارەسەن، رەنگە لە بەر ئەوە بێ تا بڕۆی وێرانە دەبێ، هۆیەکەی ئەوەیە زەوی خول دەخوات، خول دەخوات، خول... خول..

**پیرەژن:** خول دەخوات، خول، ئەی ئازیزە خنجیلەکەم **(کەمێ بێ دەنگی)** ئا! تەواوە، بێ گومان تۆ زانایەکی مەزنی، تۆ گەلێك بەهرەمەندی، ئازیزەکەم دەتوانی بەسەرۆك بی، یان پاشا یان دکتۆرێکی کارا، مارشاڵێکی... گەر خۆت بتویستایە، گەر کەمێ لە ژیانتا حەزت لە دڵا بوایە.

**پیرەمێرد:** باشە بەکەڵکی چیمان دەهات؟ لەمە باشتر نەمان ئەگوزەران... پاشان ئێمە کاری خۆمان هەیەو، هەتا منیش دەرگاوانم.. ئەوە بەهەرحاڵ هەر مارشاڵی ماڵانم .

**پیرەژن:** **(بەنەرمونیانیەوە مامەڵە لەگەل پیرەمێرد دەکات، وەك منالێ بلاوێنێ)** ئازیزە خنجیلانەکەم، ئەی خۆشەویستە چاکەکەم .

**پیرەمێرد:** زۆر بێزارم .

**پیرەژن:** خۆت وابنوێنە، کاتی تۆیە .

**پیرەمێرد:** نەخەی تۆیە.

**پیرەژن:** هی تۆیە .

**پیرەمێرد:** ئەڵێم هی تۆیە.

**پیرەژن:** نەعەی تۆ

**پیرەمێرد:** سەمیرەمیس دە چایەکەت بخۆرەوە. **(دیارە چایش لە ئارادا نییە)**

**پیرەژن:** دەکەواتە، مانگی شوبا تمان بۆ بنوێنە.

**پیرەمێرد:** چارەی مانگەکانی ساڵم ناویێ.

**پیرەژن:** لەم ساتەدا هیچ شتێکی تر نییە، دەی دڵم رازیکە.

**پیرەمێرد:** فەرموو ئەوە مانگی شوبات. **(وەك ستان لۆریك سەری دەخورێنێ)**

**پیرەژن:** (پێ دەکەنێ و چەپڵە لێ دەدات)، هەر تەواو خۆیەتی، بە تەواوەتی... سوپاس، سوپاس، هەمیشە پیاو خاسی... عەزیزەکەم (ماچی دەکات) ئۆخەی، خوایە کە بەهرەمەندی، گەر بتوتایە دەتوانی، هەرهیچ نەبێ، مارشاڵ کارگێر بوو تیایدا.

**پیرەمێرد:** دەرگاوانم، مارشاڵی ماڵان. **(تاوێ بێ دەنگی)**

**پیرەژن:** هەقایەتێکم بۆ بکە، تۆ هەقایەت دەزانی، باشە گەیشتینە کوێ؟

**پیرەمێرد:** سەر لە نوێ؟... ماندوو بووم لێی... جارێکی تریش گەیشتینە کوێ؟ بەردەوام ئەم پرسیارەم لێدەکەیت... حەفتاو پێنج ساڵە ئەم پرسیارەم لێدەکەیت، لەو رۆژەوەی بووینە ژن

و مێرد، هەر هەموو شەوێ، بێ ئەوەی شەوێکت لێ بوارد بێ، هەمان پرسیار، هەقایەتێکم بۆ ناکەی؟ وام لێ دەکەیت لاسایی ئەو کەسانەش بکەمەوە کە هەمان مارکەن... هیچ شتێ ناگۆڕێ... هەرگیز... باباسی شتێکی تر بکەین.

**پیرەژن:** عەزیزەکەم هەرگیز لەو هەقایەتە تێر نابم... ژیانی خۆتەو دڵم پێی دەکرێتەوە.

**پیرەمێرد:** بە دڵ لەبەری دەکەیت.

**پیرەژن:** وەك ئەوەیە لە پڕا هەر هەموو شتێکم لە بیر بچێتەوە... هەر شەوەو بە جۆرە پەرۆیەکەوە بۆی دێتەوە.. بەڵێ، ئازیزەکەم... هەموو شەوێ خۆمت بۆ نوێ دەکەمەوە... هەر هەموو شەوێ... دەی توخوا دەست پێ بکە.. لێت دەپارێمەوە.

**پیرەمێرد:** گەر حەز بکەیت.

**پیرەژن:** دەی، کەواتە، هەقایەتەکەمان بۆ بگێڕەرەوە .ئەوە هەقایەتی منیشە... هەرچی هی تۆ بێ، هی منیشە... کەواتە گەیشتینە کوێ؟

**پیرەمێرد:** ئەی شتە پیسەکە، گەیشتینە..

**پیرەژن:** دەی خۆشەویستەکەم، گەیشتینە...

**پیرەمێرد:** گەیشتینە لای دەرگا گەورە ئاسنینەکەوە، لە تەپڵی سەرمانەوە تا قوڵە پێمان هەڵکێشرا بوو، ئێسکو پروسکمان لە سەرەتای چەند سەعاتێکەوە، لە چەند شەو و رۆژێکەوە، لە چەند هەفتەیەکەوە بەستبووی.

**پیرەژن:** لە چەند مانگێکەوە...

**پیرەمێرد:** لە بارانا نوقوم بوو بووین، دانەجیرێمان بوو، ئەژنۆمان هەڵدەلەرزی، پێمان گوێمان، لووتمان، تەزی بوو، ئەوە هەشتا ساڵی بەسەرا رابووردوە... رێگای چوونە ژوورەوەیان نەداین.. دەیانتوانی هەر نەبێ هەر نەبێ دەرگای باخچەکەیان بۆ کردینایەتەوە... **(تاوێ بێ دەنگی)**

**پیرەژن:** گژوگیای باخەکەشی تەڕ بوو.

**پیرەمێرد:** راڕەوێك هەبوو دەچوەوە سەر ئەو گۆڕەپانە گچکەیەی کەنیسەی گوندەکەی لە ناوەڕاستا بوو.. ئەو گوندە لە کوێوە بوو؟ بەبیرت دێ؟

**پیرەژن:** نەءعەزیزم بیرم ناکەوێتەوە.

**پیرەمێرد:** پیاو چۆن ئەیگاتێ؟ رێگاکەی لە کوێوە بوو؟ ناوی ئەو شوێنە، وابزانم پاریس بوو...

**پیرەژن:** خنجیلانەکەم هەرگیز ئەو شوێنە پاریس نە بوو.

**پیرەمێرد:** ئەو شارە هەیە، مادامەکی وێران بوو، شاری روناکی بوو مادامەکی خامۆش بوو، چوار سەد هەزار ساڵە خامۆش بوو، هیچی لێ نەماوەتەوە، تەنها گۆرانیەك نەبێ.

**پیرەژن:** گۆرانیەکی راستەقینە؟ سەیرە! کام گۆرانیە؟

**پیرەمێرد:** لای لایە، وەك ((هەمیشە پاریس پاریسە )).

**پیرەژن:** ئەرێ رێگاکەی بەناو باخاندا رادەبوورد؟ درێژ بوو؟

**پیرەمێرد:** **(لە خەونا و سەرلێشێواو)** گۆرانی؟... باران؟

**پیرەژن:** تۆ گەلێك بەهرەمەندی، ئەگەر یەك تۆز تەماکاریت هەبوایە، لە ژیانتا بە پاشای بەڕێوەبردن، رۆژنامەوانی بەڕێوەبردن،

ئەکتەرێکی بەڕێوەبەر، مارشاڵێکی بەڕێوەبەر... خوایە ئا ئەم هەمووەی لەو کونەوە، لەو کونە ڕەشە گەورەیەوە... لەو کونە ڕەشەوە بێت: لێم (تاویّ بێدەنگی)

**پیرەمێرد:** کەواتە گەیشتین...

**پیرەمێرد:** (پیرەژنەکە وردە وردە دەکەوێتە پێکەنین و پاشان قاقا لێئەدات و پیرەمێردەکەش دەست بە پێکەنین دەکات، قاقا دەنگی دایەوە، لە ناو پێکەنین سکیان بە ژان هات، چیرۆکێکی پێکەنیناوی بوو، پێکەنین بەردەوام بوو، لە سەر سك دەخشیّ، سکێکی ڕووت، پێکەنین سکی هەبوو... پێکەنین لەگەڵ دەورییە برنج هات و برنج ڕژاو بڵاوبوویەوە... سك لە سەر زەویەکە سکەخشێیەتی، ڕووت و قووت، برنج لە سەر زەویەکەوە، دەوریەکەشی، چیرۆکەکەیەتی هێندەی سکی ڕووتی بە برنج ناوەخنی، قاقای هاتیّ، پێکەنین بەڕووتی هات و قاقای لێدەدا پێکەنین دەیقریشکان .

**پیرەژن: (بەپێکەنینەوە)** کەواتە لەو چیرۆکە پێکەنیناویە بوو کە بەڕووت و قووتی گەیشت، قاقای پێکەنین دەهات، دەورییەکە، دەورییە برنجەکە، برنجەکە لە ورگا و لە سەر زەوی.

**هەردووکیان: (پێکەوە پێدەکەنن)** کەواتە هەر دەنگ دەنگی پێکەنین بوو، لەوناوەدا دەنگی ئەدایەوە.. ئاه... پێکەنین سکێکی ڕووتە... بۆ برنج گەیشتیت.. **(پاشان وردە وردە هەردوو هێدی دەبنەوە)**.. ئاه...

**پیرەژن:** کەواتە ئازیزەکەم ئائەمەیە پاریسە بەناوبانگەکەت .

**پیرەمێرد:** کێ دەتوانێ لەوە باشتر بگێرێتەوە .

**پیرەژن:** ئاها عەزیزم تۆ یەکجار بەرزی، تا بڵێی زانیاریت هەیە، تا بڵێی زانای، بەرادەیەکە کە دەتوانی ببیتە شتێ لەم ژیانەدا، زۆر لەوە گەورەتر کە تەنها مارشاڵی ماڵان بی.

**پیرەمێرد:** با بێ فیز بین، خاکی... با بە کەمێ قایل بین.

**پیرەژن:** لەوەیە بە دڵ و ئارەزوی خۆتت نەکرد بێ؟

**پیرەمێرد:** (لە پڕا دەست بەگریان دەکات) شکاندمن... پێچەوانەیانم کرد؟ ئاه.. دایکە لە کوێیت؟ دایکە؟... دایکە هەتیوم (هەنسک هەڵدەهێنێتەوە) دایە... هەتیوم..

**پیرەژن:** لەچی دەترسی؟ من لەگەڵتام .

**پیرەمێرد:** نا... سەمیرەئامیس، ئەی نارەسەن، تۆ دایکم نیت... هەتیو... بێ باوک... کێ دەمپارێزێ؟

**پیرەژن:** بەڵام گیانە ئەوە منم، لێرەم..

**پیرەمێرد:** نابی بە یەك... دایکم دەوێ، دایکم.. تۆ دایکم نیت...

**پیرەژن:** (دڵنەوایی دەکات) تۆ دڵم شەق و پەق دەکەیت، خنجیلانەکەم مەگری.

**پیرەمێرد:** (بە گریان و هەنسك هەڵدانەوە) لێمگەڕێ (دەگری) هەست دەکەم بە تەواوی وردو خاش بوومە و رووخاوم، ئازارم هەیە، ئارەزووەکانم ئازارم دەدەن، تێك و پێك شکان .

**پیرەژن:** هێدی بەرەوە.

**پیرەمێرد:** (وەك ساوا زریکە زریکی گریانیەتی) من هەتیوم.. بێ باوك.

**پیرەژن:** (هاوخەمێتی دەنوێنێ و دڵی دەداتەوە) خۆشەویستەکەم بێ باوکەکەم.. تۆ دڵم شەق پێ دەبەیت، ئەی بێ باوکە هەتیوەکەم.

(ئەو پیرەمێردەکە ژێر دەکاتەوە کە تاوێکە گەڕاوەتەوە ئامێزی)

**پیرەمێرد:** (بەگریانەوە) هێی ، هێی... ئەی دایکە! دایکە تۆ لە کوێیت؟ من ئیتر بێ دایکم .

**پیرەژن:** من ژنەکەتم، من ئێستا دایکیشتم.

**پیرەمێرد:** (گریانەکە ئەبڕێنێتەوە) ئەمە ڕاست نییە، من بێ باوکم، (دەگری)

**پیرەژن:** (بەردەوامە لە ژێرکردنەوەیدا) دەی گچکۆکە هەتیوەکەم، هەتسۆنەکەم، هیتۆنەکەم، هەن هەتۆکەکەم.

**پیرەمێرد:** (هەر دڵتەنگە و بەلای دڵنەوایی ژنەکەیەوە دەچێت)... نا، نا... نامەوێ... نامەوێ .

**پیرەژن:** (بە ئاوازەوە) ئەی هەتیمە هەتیمی، لی لا، ئەی هەتەیە هەتووتی، لوو لی لی لی... ئەی هەتیمی، لا، لا، لی.

**پیرەمێرد:** نا... نا...

**پیرەژن:** (لە سەر گەمەکەی بەردەوامە) لی لوونی لا... کالوون، لا لیر... ئەی هەتیمە، مەیە میمە... ئەی هەتیمە، لر، لر، لر، لی، لیر، ئەی هەتیوە، لی.. ریلی ریلا.

**پیرەمێرد:** هێی... هێی.. هێی (هەناسە هەڵدەکێشێ و کەمەکەمە هێور دەبێتەوە) لە کوێیە؟ دایکم.

**پیرەژن:** لە ئاسمانی گوڵدارایە... چاوەڕوانتە، لە نێوانی گوڵانەوە لێت دەڕوانێ، مەگری، وای لێ دەکەی ئەویش بگری.

**پیرەمێرد:** وانییە، راست نییە.. ئای... نامبینی...گوێی لێم نییە..من هەتیبوم، لە ژیانا بێ باوکم، تۆ دایکم نیت .

**پیرەژن:** (**خەریکە پیرە مێردەکە دێتەوە سەر خۆی**) دەی وەرەوە سەرخۆت، ئارامبە، لەو خەیاڵانە گەڕێ، تۆ شتی بەرزت تیادایە، ئەی مارشاڵە بچکۆلەکەم، فرمێسکەکانت بسڕەوە، ئەم شەو میوانەکان دێن، با بەو شێوەیە نەتبینین. هەر هەموو شتێ نەشکاوە و نە لە دەست چووە، هەموو شتێکمان پێ دەڵێیت... بۆیان باس دەکەیت کە پەیامێکت هەیە... هەمیشە دەڵێیت و ئاشکرای دەکەیت... دەبێ ژیان هەبێت و دەبێ لە پێناوی پەیامەکەتدا خەبات بکەیت.

**پیرەمێرد:** وایە، پەیامێکم هەیە، راست ئەکەیت، خەباتی بۆ دەکەم، شتێ لە ناخمایە و پەیامێکە دەبێ بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بگەیەنم، بۆ مرۆڤایەتی .

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم، پەیامەکەت بۆ مرۆڤایەتی .

**پیرەمێرد:** ئەوە راستە، ئەوە ،ئەوە راستە .

**پیرەژن:** (دەم وچاوی دەسڕێتەوە) شتەکە ئاوایە... تۆ پیاوی، سەربازی، مارشاڵی ماڵان .

**پیرەمێرد:** (**کۆشی پیرەژنەکە بەجێ دەهێڵێ بە هەنگاوەنی کورتەوە دێت و دەچێت**) وەك خەڵکی تر نیم، لە ژیانا نموونەی باڵام هەیە، لە وانەیە وەك تۆ دەڵێی بەهرەمەند بووبم، خەسڵەتی سروشتیم هەیە، بەڵام چ ئاسان کاریەکم بۆ ساز دەکرێ، زۆر بە زیادەوە ئەرکی سەرشانم وەك مارشاڵی ماڵان ئەنجامداوە، ئەوەی

کارەکەم پێویستی کردووە بە تەواوەتی کردومە، وا بزانم هەر ئەوەندەشی دەوێ.

**پیرەژن:** سەبارەت بە تۆ جیاوازە، تۆ وەك ئەوانە نیت، تۆ زۆر لەوانە گەورەتری، لەگەڵ ئەوەشدا چاکت دەکرد گەر لەگەڵ ئەوانەدا پێکبهاتیتەوە و هەمان ڕێبازیانت بگرتایە، لەگەڵ هەموویان کردووتە بە شەڕ و ناخۆشی، لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرەکان، لەگەڵ گشت مارشاڵەکان، لەگەڵ براکەشتا.

**پیرەمێرد:** سەمیرئامیس تۆ باش ئەزانی ئەو چی وت، هەڵەی من نەبوو.

**پیرەژن:** چی وت؟

**پیرەمێرد:** وتی ـ هاوڕێکانم کچێکم هەیە، بۆیە دەمەوێ سەردانتان بکەم، تا ئەو کچەتان لا جێبهێڵم.

**پیرەژن:** وا دەڵێن، عەزیزم نەدەبوو گوێ بە شتی وا بدەیت. بەڵام باشە چی وای لە تۆ کرد لە (کاریل) تووڕەبیت؟ ئەوەش هەر هەڵی ئەو بوو؟ گوناهی ئەو بوو؟

**پیرەمێرد:** تووڕەم دەکەی، بێگومان، هەڵەکە هەڵەی ئەو بوو، شەوێکیان هات و وتی ـ بەختاریت بۆ دەخوازم، دەبوو ئەو وشەیەت پێبڵێم کە بەختیاریت بۆ دێنێ، بەڵام نایڵێم، بیری لێدەکەمەوە ـ وەکو گوێگرەکە پێدەکەنی.

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم، دڵێکی باشی هەبوو، مرۆڤ نەبێ لە ژیانا ئەوەندە گوێ نەداتێ.

**پیرەمێرد:** حەزم لەو جۆرە شۆخیانە نییە.

**پـــــــيرەژن:** خۆشەويـستەكەم دەتـوانی ببيتـە كەشـتيوانێكی چـاپووك، دارتاشـــێكی دەســـت رەنگينـــی ئەيـــەنوس، پاشـــايەك، مايسترۆيەكی بليمەت.

**(ماوەيەكی درێژ بێدەنگی، جووڵە لە بەر براو، داكوتراو بە كورسيەكانيانا)**

**پيرەمێـــرد:** (وەك خـەو بينـیێ) لە كۆتاييەكەيدا كۆتايی باخەكە بوو، لەوێ بـوو.. چی لـەوێ بـوو.. ئـەوە لـەوێ بـوو... لـەوێ بـوو... چـی لەوێ بوو خۆشەويستەكەم؟

**پيرەژن:** شاری پاريس!

**پيرەمێـــــرد:** لـە كۆتايـدا، لـە كۆتايـدا كۆتـايی شـارێك، ئيـشێك، شـتێك هەبوو، ئەوشتە چی بوو؟

**پيرەژن:** خۆشەويستەكەم، چی لەوێ بوو، خۆشەويستەكەم كێ بوو؟

**پيرەمێرد:** جێگايەك بوو، سەردەمێكی خۆش...

**پيرەژن:** كەش و هەوايەكی خۆش، بەلاتەوە وانيە؟

**پيرەمێرد:** شوێنەكەم بيرناكەوێتەوە .

**پيرێژن:** سەری خۆتی پێوەمەيەشێنە , كەواتە .

**پيرەمێـــــرد:** زۆر دووورە نـاتوانم. جـارێكی تريبگرمـەوە.. ئـەو شـوێنە لـە كوێ بوو؟

**پيرێژن:** ئەوە باسی چی دەكەيت؟

**پيرەمێرد:** باسی ئەوەی... ئائەوەی... لەكوێ بوو؟ ئەوە كێ بوو؟

**پيرێـــــــــژن:** ئـــەو شـــوێنە لەهـــەر كـــوێ بـــێ وەدووت دەكـــەوم... خۆشەويستەكەم بە دواتەوە دێم.

**پیرەمێرد:** ئاه.. ناتوانم بە ئاسانی دەریبڕم و گوزارشت لەوە بکەم کە دەمەوێ بیڵێم.. دەبێ هەرهەموو شتێ بڵێم.

**پیرەژن:** ئەرکێکی پیرۆزە.. هەق نییە لە پەیامەکەت بێدەنگ بیت.. پێویستە ئاشکرای کەی بۆ هەمووان... چاوەڕوانی پەیامەکەتن... جگە لە تۆ چاوەڕێی کەسی تر نین .

**پیرەمێرد:** بەڵێ.. بەڵێ... قسە دەکەم .

**پیرێژن:** چاکە.. بڕیارت داوە؟

**پیرەمێرد:** چایەکەت بخۆرەوە .

**پیرەژن:** گەر لە ژیان پتر بەخۆت پشت ئەستوور بووبایت.. لەوانە بوو ببویتایە بە وتاربێژێکی کارمەیسەر.. مایەی شانازیمەو بەختیارم کەوا دواجار بڕیارتدا بۆ هەموو وڵات بدوێی... بۆ ئەوروپاو سەرجەم کیشوەرەکان!

**پیرەمێرد:** خوایە زۆر بە نارەحەتی دەتوانم گوزارشت بکەم.. شتێکی ئەوتۆ نییە کارەکەم بۆ ئاسان بکات .

**پیرێژن:** هەر کە دەستت پێکرد ئەو دەمە ئاسان دەبێت.. وەك ژیان و مەرگ... ئەوەندە بەسە کە تۆ بڕیارت داوە... مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتنا شتی بۆ دێ... بیرو وشەو تەنانەت خۆشی دەبینێتەوە... هەروەها شارەکەش و باخەکەو.. لەوانەیە مرۆڤ سەر لەنوێ هەمووشتەکان ببینێتەوەو ئیدی هەتیو نابێ.

**پیرەمێرد:** من قسە ناکەم.. وتاربێژێکی پیشەمەندم بە کرێ گرتووەو.. بەناوی منەوە دەدوێ... دەیبینی.

**پیرێژن:** کەوتە... بەلایەنی کەمەوە هەر ئەمشەو دەبێت؟ ئەرێ هەمووانت بانگ کردووە... گشت کەسایەتییەکان... موڵکدارن... هەموو زاناکان؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ.. گشت موڵکدارەکان و هەرهەموو زاناکان (تاوێ بێدەنگی )

**پیرەژن:** پاسەوانان؟ قەشەکان؟ کیمیا گەران؟ مسگەران؟ کەمانچەژەنەکان؟ پەرلەمانتاران؟ سەرۆکەکان؟ پۆلیسەکان؟ بازرگانان؟ بەناکان؟ قەڵەم بە دەستان؟...

**پیرەمێرد:** بەڵێ... بەڵێ... کرێکارانی پۆست و خاوەن ئوتێلەکان.. هونەرمەندان... ئەوەی تۆزقاڵێ زانستی هەبێ... یان کەمۆڵکێکی هەبێ!

**پیرەژن:** پیاوانی بانك؟

**پیرەمێرد:** بانگم کردوون .

**پیرەژن:** نەداران؟ فەرمانبەران؟ سەربازییەکان؟ شۆڕشگێڕان؟ کۆنەپەرستان؟ دکتۆرەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و شێتەکانیش؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ.. ئەی چۆن.. هەموون.. هەرهەموون... هەمو کەسێ.. مادامەکێ هەرهەموویان ئاکام بە موڵکدار و زانا دەبن .

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم هەڵمەچۆو خۆت دەمار گیر مەکە... نامەوێ تەنگت پێهەڵچنم، تۆش و بلیمەتەمەزنەکان هێندە گوێ بەشت نادەن.. ئەمە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگەو ئەمشەو دەبێ هەمووان ئامادە بن... ئەڵێم ئەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێ؟ بەڵێنیان داوە؟

**پیرەمێرد:** ئەی سەمیرە ئامیس چایەکەت بخۆرەوە. (ماوەیەك بێ دەنگی)

**پیرەژن:** پاپاو پەپوولەو کاغەز؟

**پیرەمێرد:** هەموویانم بانگ کردووە (تاوێ بێ دەنگی) دەمەوێت پەیامەکەیان پێ ڕابگەیەنم... بە درێژایی تەمەنم هەستم کردووە ئەخنکێم.. ئێستاش بەهۆی تۆوە بە هۆی وتاربێژەکەوە ئاگاداری هەموو شتێك دەبن... ئێوە هەردووکتان تێتان گەیاندم .

**پیرەژن:** زۆر شانازیت پێوەدەکەم .

**پیرەمێرد:** پاش چەند تاوێکی تر کۆبوونەوەکە دەست پێدەکات .

**پیرەژن:** کەواتە شتەکە ڕاستە.. ئەمشەو دێن؟ گریانت نەیەت... زانایان و موڵکدران شوێنی دایك و باوکان دەگرنەوە. (تاوێ بێ دەنگی) ناتوانن کۆبوونەوەکە دوا بخەن.. ئەوەش زۆر ماندوومان ناکات؟

**(بە هەنگاوەانی کورتەوە دێت و دەچێ و لە هەڵچوونی باری دەروونییایەوە.. بە هەنگاوەانی پیرەمێردانە یان ساوایانە دەورو خولی پیرێژنەکەیەتی جارەوارە وەك بیەوێ ڕوو لە دەرگاکان بکات بەڵام هەر بە دەوری پیرێژنەکەدا خول دەخوات)**

**پیرەمێرد:** تۆ لەو بڕوایەدایت. ئەوە لەوانەیە ماندوومان بکات .

**پیرەژن:** تووشی سووکە هەڵامەتێك بوویت .

**پیرەمێرد:** باشە چی بکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بانگهێشتەیە؟

**پیرەژن:** با بۆ شەوێکی دی بێ... ئەتوانی بەتەلەفۆن پێیان بڵێی .

**پیره‌مێـــرد:** ئای خوایـه.. چـیدی نـاتوانم... تـه‌واو ڕابـوورد.. تـازه له‌وانه‌یـه به ڕێگاوه بن.

**پیرەژن:** ده‌بوو داناتر بوویتایه. **(گوێی له ده‌نگی هاتنی بەلەمێکە )**

**پیره‌مێرد:** وابزانم به‌ڕاستی گه‌یشتن **(ده‌نگی بەلەمەکە زیاد ده‌کات)** به‌ڵێ.. واهاتن!... **(پیره‌ژنه‌که‌ش هه‌ڵده‌ستێ و به شه‌له‌شه‌ل بۆی ده‌ڕوات)**

**پیرەژن:** له‌وانه‌یه وتاربێژه‌که بێت .

**پیره‌مێـــرد:** ئه‌و ئـاوا زوو نایـه‌ت.. دیاره‌که‌سـێکی تـره. **(ده‌نگـــی زه‌نگـــی ده‌رگا دێت )**

**پیرەژن:** ئاه **(هه‌ردووکیان به تووڕه‌ییه‌وه به‌ره‌و ده‌رگا وه‌لاخراوه‌که‌ی پشته‌وه‌ی لای ڕاست ده‌چن)**

**پیره‌مێرد:** ده‌ی .

**پـیرەژن:** پرچم شانه نه‌کراوه... تاوێ چاوه‌ڕوانبه. **(بـه‌ده‌م شه‌له‌شـه‌له‌وه پرچی ڕێك ده‌خات.. جلکه‌کانی و گۆره‌وییه سووره ئه‌ستووره‌کانی هه‌ڵده‌کێشته‌وه )**

**پیره‌مێـــرد:** ده‌بـوو پێـشتر خـۆت ڕێکخـستایه و ئاماده بکردایـه... کـاتێکی زۆرت به ده‌سته‌وه بوو .

**پـــــیرەژن:** چــه‌نده په‌ســـتم...کراســی کۆنــه‌و... هــه‌موو شــڕو وڕ له‌بــه‌ر ده‌که‌م...

**پیره‌مێـــرد:** له‌سـه‌رت بـوو ئوتـووت بکردایـه... خێراکـه! وادەکـه‌یت خـه‌ڵکی چاوه‌ڕوانت بن.

**(پیرەژن بە بۆڵە بۆڵ بەدوای پیرەمێردەکەیەوەیەو بەرەو دەرگاکە دەچن.. دیارنامێنن... ماوەیەکی پێ دەچێ.. دەنگی دەرگاکردنەوە دەبیسترێ.. کەسێك دێتە ژوورەوەو دەرگاکە دادەخرێتەوە)**

**پیرەمێـــــرد: (دەنگـــــی دێ)** خانمەکـەم... بـەیانیت بـاش.. فـەرموو وەرە ژووریٚ شەرەفمەندبووین... ئەوەش هاوسەرەکەمە .

**پـــــیرەژن:** بـەیانیت بـاش... خانمەکـەم.. زۆر بـەختیارم بـە ناسـینت.. وریابــە.. شــەبقەکەت مەدڕێنــە. جــاریٚ ئــەو دەرزییــەی لــیٚ بکەرەوە... ئاوا ئاسانترە.. ئاوا، نا کەس لەسەری دانانیشێت.

**پیرەمێـــرد:** پاڵتۆکـەت لێـرەدا هەڵواسـە... مـن بـۆت دا ئەکـەنم. نـەخێر تێـك ناچێت .

**پـــــیرەژن:** ئـەڵڵا چـەند کراسـێکی جوانـە... کراسـێکی ڕەنگینـە... دیـارە بـــسکویت خـــۆری... قەڵـــەو نیـــت... نـــەخێر تێکـــسمڕاو... چەترەکە وەلاوەنێ .

**پیرەمێـــرد:** تکایـە فـەرموو دوامکەوە **(پـــشتی لێمانـــە)** هیچم نییـە تـەنها کارێکی ئاوا بچووك. **(هەردووکیان لە نێوانیانا شوێنی میوانـە نادیارەکە دەکەنەوەو وەردەگەڕێن و بەرەو پێشەوەی شانۆکە دێن قسە لەگەڵ میوانە نادیارەکە دەکەن)**

**پیرەمێرد: (بە خانمە نادیارەکە دەڵێ)** کەش و هەواکەت بەدڵ بوو؟

**پیرەژن: (لەگەڵ هەمان خانما دەدوێ)** خۆ زۆر ماندوو نیت؟... بەڵێ کەمێك.

**پیرەمێرد: (بۆ هەمان خانم)** لە کەناری ئاوەکە .

**پیرەژن: (بۆ هەمان خانم)** بەم هاتنەت جوان کرداریت نواندووە .

**پیرەمێرد:** (بۆ هەمان خانم) ئەوا کورسییەکت بۆ دەهێنم. **(پیرەمێرد بەرەو لای چەپ دەڕواو لە دەرگای ژمارە (٦) ەوە دەچێتە دەرێ)**

**پیرەژن:** (بۆ هەمان خانم) هەتا دێتەوە فەرموو ئەم کورسییە **(ئاماژە بۆ کورسییەك دەکات خانمە نادیارەکەی لەسەر دانیشێ و خۆشی لەسەر ئەوی تریان)** گەرمە... وانییە؟ **(خەندەیە بۆ خانمە نادیارەکە دەکات)** ئەی کە باوەشێنێکی جوانە! مێردەکەم... **(پیرەمێرد لە دەرگای ژمارە (٧) ەوە بە کورسییەکەوە دەردەکەوێ)**... بەری حەفتاو سێ ساڵ لەمەوبەر باوەشێنێکی ئاوای بە دیاری دامێ... تا ئێستا ش پاراستوومەو هەڵمگرتووە **(پیرەمێرد کورسییەکە لەلای چەپی خانمە نادیارەکەوە دادەنێ)** ئەوە ئەو دیارییە بە بۆنەی جەژنی لە دایك بوونمەوە بوو!... **(پیرەمێردەکە لەسەر کورسییەکەی کە هێنابووی دادەنیشێ.. واتە خانمە نادیارەکە دەکەوێتە نێوانی هەردووکیانەوە.. پیرەمێرد ڕووی لێدەکات و بۆی ئەخەنێ.. سەری بۆ دەلەقێنێ و هەست دەربڕینی لەدەست لە یەکدانیدا بەنەرم و نیانی دەردەبڕێ.. پیرەژنەکەش هەمان هەڵس و کەوت دەنوێنێ)**

**پیرەمێرد:** خانمەکەم، هەرگیز ژیان بێ بایەخ نەبووە.

**پیرەژن:** **(بۆ خانمەکە)** تۆ ڕاست دەکەیت... **(خانمەکە دەدوێ)** وەك دەڵێن، کاتی ئەوە هاتووە ئەوە بگۆڕێت... **(دەنگی دەگۆڕێ)** لەوانەیە مێردەکەم گرنگی بەو شتە دابێت... پاشان ئەوەتان بۆ دەڵێ...

**پیرەمێرد:** **(بەپیرەژن دەڵێ)** کڕبە، بێدەنگبە ئەی سەمیرە ئامیس، هێشتا کاتی قسە کردن نەهاتووە **(بۆ خانمەکە)** خانمەکەم ببەخشە، ئێمە حەزی زانینت دەبزوێنین، **(بەرپەرچی دەداتەوە)** خانمە ئازیزەکەم، پێی لەسەر دامەگرە **(هەردووکیان خەندە دەکەن، یان**

پێ دەکەنن ،لە ڕوویان ئەوپەڕی قایل بوون دیارە سەبارەت بەو چیرۆکەی خانمە نادیارەکە دەیگێڕێتەوە، تاوێ بێ دەنگی... گفتوگۆ دەوەستێت، هیچ جۆرە کـارتێکردن و هەسـت دەربـڕینێ بـە ڕووخسارییانەوە نامێنێ)

پیرەمێرد: (بەهەمان خانم) بەڵێ، تۆ تا بڵێی زۆر ڕاستی .

پیرەژن: بەڵێ، بەڵێ.. بەڵێ... ئاە چۆن نا .

پیرەمێرد: بەڵێ، بەڵێ.. بەڵێ... نەخێر، بەهیچ شێوەیەك .

پیرەژن: بەڵێ؟

پیرەمێرد: نەخێر!؟

پیرەژن: تۆ وا دەڵێیت .

پیرەمێرد: (پێ دەکەنێ) شتی وانابێت .

پیرەژن: (پێ دەکەنێ) ئاوا! شتەکە ئاوایە (بە پیرەمێردەکە دەڵێ) شۆخ و شەنگە .

پیرەمێرد: (بەپیرەژنەکە دەڵێ) خانمەکەم بە دڵت بوو (بە خانمە نادیارەکە دەڵێ) پیرۆزە!...

پیرەژن: (بەخانمەکە دەڵێ) وەکو کیژانی ئەمڕۆنییە .

پیرەمێرد: (بە نارەحەتی دەچەوێتەوە بۆ هەڵگرتنەوەی شتێك گوایە لە خانمە نادیارەکەوە بەربۆتەوە سـەر زەوی) لێی گەڕێ... خۆت ماندوو مەکـە... هــەڵی دەگرمــەوە... ئــای... تــۆ لــەمن خێراتربوویــت... (خۆی قیت دەکاتەوە)

پیرەژن: (بەپیرەمێردەکە دەڵێ) هاوتەمەنی تۆ نییە!

**پیرەمێرد:** (**بۆ خانمەکە دەدوێ**) پیرێتی بارێکی گرانە... ئاواتە خوازم هەر بە گەنجێتی بمێنیتەوە...

**پیرەژن:** (**بۆ هەمان خانم**) لە قسەکەیا ڕاستگۆیە.. ئەوە زمانی دڵە باشەکەیەتی دەدوێ (**بە پیرەمێرد دەڵێ**) خۆشەویستەکەم!

**( چەند تاوێ بێدەنگی: هەردووکیان بەلای خانمە نادیارەکەی نێوانیاندا کردووەو بەو پەڕی نەزاکەتەوە لێی دەڕوانن و خەندی بۆ دەکەن، پاشان ئاوڕ لە بینەران دەدەنەوەو سەر لە نوێ بەلای خانمەکەدا وەردەچەرخێنەوەو خەندی بۆ دەکەن، پاشان وەڵامی پرسیارەکانی دەدەنەوە )**

**پیرەژن:** دڵسۆزیتە ئێمەت بەسەر کردۆتەوە .

**پیرەمێرد:** ئێمە بە تاریکی و دوورە پەرێزی ژیان بەسەر دەبەین .

**پیرەژن:** مێردەکەم حەز بەتەنهایی ژیان بەسەر بردن دەکات، بەبێ ئەوەی ڕقی لەکەسبێ .

**پیرەمێرد:** ڕادیۆمان هەیەو، بەقولاپ ڕاوە ماسی دەکەم و هەروەها هێڵێکی ڕێکو پێکی کەشتیەوانی لێیە .

**پیرەژن:** ڕۆژانی یەکشەممان دوو پاپۆڕ لێرەوە ڕادەبوورن، یەکێکیان بەیانیان و ئەوی دییان ئێواران، ئەمە جگە لە بەلەمی تایبەتی.

**پیرەمێرد:** (**بۆ خانمەکە**) کە ئاسمان ساماڵ دەبێ مانگ وەدەر دەکەوێت.

**پیرەژن:** (**بۆ هەمان خانم**) هەمیشە مارشاڵی ماڵانە... گشت کاتی بەوەوە بەسەر دەبات... ڕاستە، دەبوو لەو تەمەنەدا پشووی بۆ بدات...

**پیرەمێرد:** (**بۆ هەمان خانم**) لە گۆڕدا کاتێکی باشم دەبێ چاك پشووی بۆ بدەم.

**پیرەژن: (بەپیرەمێردەکەی دەڵێ)** خنجیلانە نازدارەکەم، شتی وا مەڵێ.. **(بۆ خانمەکە)** کەسوکار ئەوانەی ماون، برادەرەکانی مێردەکەم ئێستاش جاروبار سەردا نمان دەکەن، ئەوە دەیان ساڵە .

**پیرەمێرد: (بۆ خانمەکە)** لە زستانا، ئەوە کتێبێکی خۆش و لەپاڵ سۆپا کارەباییەکەوەو سەراپای یادگارەکانی ژیان..

**پیرەژن: (بۆ خانمەکە)** ژیانێکی ساکارانەی جوان پڕکراوە... هەموو ڕۆژێ دوو کاتژمێر کار لە پەیامەکەیدا دەکات...**(دەنگی زەنگی دەرگا دێت، تاوێ لەوەو بەر دەنگی وەستانی بەلەمێك دەهات)**

**پیرەژن: (بەپیرەمێدەکەی)** خێراکە بڕۆ، یەکێك هات .

**پیرەمێرد: (بۆ خانمەکە)** خانمەکەم، ڕێگا بفەرموون، تەنها تاوێك **(بە پیرەژن)** ڕاکە خێرا کورسییەك بێنە!

**پیرەژن: (بۆخانمەکە)** نازدارەکەم تاوێ ڕێگا بفەرموون. **(زەنگەکە بە توندی لێدەدات )**

**پیرەمێرد: ( بەهەڵە داوان بەرەو دەرگاکەی لای ڕاست دەڕوات، پیرێژنەکەی بەشەلەشەل ڕووەو دەرگا نادیارەکەی لای چەپی شانۆوە دەڕوات)** دیارە کەسێکی دەسەڵاتدارە **(خێراتر دەبێ و دەرگای ژمارە (٢) دەکاتەوەو کۆڵۆنێلە نادیارەکە دێتە ژوورێ، دەنگی کەڕەناو مارشی شکۆمەندانەی (سڵاوی کۆڵۆنێڵ) دەبیسترێت، هەرکە پیرەمێرد چاوی بە کۆڵۆنێڵی نادیار دەکەوێ وەك پاسەوانێ کە بەرێزەوە سڵاو بۆ فەرماندەکەی وەردەگرێ، دەنوێنێ)** ئاە!... کۆڵۆنێڵی گەورەم! **(قۆڵی بە جووڵەیەکی سەیر بۆ ناوچەوانی بەرز دەکاتەوە وەك بیەوێ سڵاوی سەربازی بکات)** ڕۆژباش، کۆڵۆنێڵی گەورەم... مایەی سەربەرزی و شەرەفمەندییمە... من...

مـن..هـەرگیز لـەو بڕوایەدانـەبووم... لەگـەڵ ئەوەشـدا... لەگـەڵ ئـەوەدا... بـە کورتییەکـەی، ئـەو پـەڕی شـانازییە بـۆمن لـەم ماڵــە بچووکەدا پێشوازیی قارەمانێکی وەك تۆ... **(بەتوندی دەستی تەوقە کردن دەنێتە ناودەستە خەیاڵییەکەی کۆڵۆنێلی نادیارەوەو چەمانەوەیەکی لە ئەندازە بەدەر بۆی دەچەمێتەوەو پاشان ڕاست دەبێتەوە)** بەبێ قێزو درۆ دانی پیا دەنێم، من زۆر لـەوە کەمترم بـەڕێزتان سـەردانم بکـەن...! بـەڵام تـا بڵێی سـەربەرزو کۆشـاوم... شا یـستەی ئەوەنیم، نـەخێر!...

**(لەلای ڕاستەوە پیرێژنەکە دەردەکەوێ و کورسییەکی پێیە)**

**پــــیرەژن:** وا لـەو پۆشاکە جوانـەو ئـەو مەدالیا نازدارانـە! خۆشەویـستەکەم ئەمە کێیە؟

**پیرەمێرد:** **(بۆ پیرەژن)** کۆڵۆنێڵە، نایبنیی؟

**پیرەژن:** **(بۆ پیرەمێرد)** ئاها!

**پیرەمێـرد:** **(بـۆ پـیرەژن)** مەدالیا بژمێرە! **(بۆکۆڵـۆنێل)** سەمیرە ئامیس، ژنەکەم، **(بـۆ پـیرەژن)** وەرە پێـشەوە تـا بـە کۆڵۆنێڵـت بناسێنم. **(پیرەژن دێتەوە پێشەوەو کورسییەکەش بەدوای خۆیا ڕادەکێشێ، بۆ کۆڵۆنێل دەچەمێتەوەو بەبێ ئەوەی کورسییەکە دابنێ)**هاوسەرەکەم **(بۆ پیرەژن)** کۆڵۆنێڵ .

**پــــیرەژن:** گـەورەم کۆڵـۆنێڵ شـەرەفمەندبووین، بـەخێربێن سەرچـاو، تـۆ یەکێکی لە برادەرانی مێردەکەم، تۆ مارشاڵ...

**پیرەمێرد:** **(نارازییە)** ماڵەکان... خانووەکان...

**پیرەژن:** **(کۆڵۆنێڵە نادیارەکە دەستی پیرێژن ماچ دەکات، ئەوەش لە جووڵەی دەستی پیرێژنەوە دەبینرێ وادەنوێنێ کە دەستی بۆ لێوی بەرز**

**کردۆتەوەو لە تاوا واز لە کورسییەکەی دەستی دێنێ)** ئای! چەندە بەنەزاکەتە... دیارە مرۆڤێکی مەزنە!... **(دەگەڕێتەوەو کورسییەکە بۆ کۆلۆنێل دادەنێت، بە کۆلۆنێل دەڵێت )**

فەرموو کورسی **(بـۆ کۆڵـۆنێڵێکی نادیـار)** فەرموو تەشریف بێنـە... **(هەمووان بەرەو پێشی شانۆکە دەچن، پیرەژن کورسییەکە بەدوای خۆیا ڕادەکێشێ، بە کۆڵـۆنێڵ دەڵـێ)** بەڵێ، میوانداریمان هەیە.. چاوەڕوانی کەسانێکی زۆرین! **(پیرەژن کورسییەکە لەلای چەپەوە دادەنێتو بۆ (کۆڵۆنێڵ)** فەرموو دانیشە.

**(پیرەمێرد دووکەسە نادیارەکە بەیەکدی دەناسێنێت )**

**پیرەمێرد:** ئەو خانمە جاحێڵە لە دۆستا نمانە...

**پیرەژن:** دۆستێکی ئازیز...

**پیرەمێرد: ( بەردەوامە ): کۆڵۆنێڵ... لەسەربازییە دیارەکان..**

**پیرەژن: (ئاماژە بۆ ئەو کورسییە دەکات کە بۆ کۆڵۆنێڵی هێنابوو)** فەرموو ئەم کورسییە بگرە، کەواتە...

**پیرەمێرد:** (بـۆ پـیرەژن) نـەخێر، باش دەبینـی کۆڵـۆنێڵ حەز دەکات لەتـەك خانمەکەوە دانیشێت! **(کۆڵۆنێڵ لەسەر سێیەم کورسی لای چەپ دادەنیشێت، بەبێ ئەوەی ببینن، دەبێ خانمە نادیارەکەش لەسەر دووەم کورسی دادنیشێت، لە نێوانی دوو کەسە نادیارەکە دا گفتوگۆیەکی شاراوە هەیە، پیرەمێردو پیرەژنیش لە دوایانەوە ڕاوەستاون )**

**پیرەژن: (گوێ لە گفتوگۆی دوو میوانە نادیارەکە دەگرێت)** ئاها! ئاها! ئەمە گەلێك زۆرە!

**پیرەمێد:** **(وەك پیرەژن دەكات)** لەوانەیە... **(هەردووكیان لەسەر سەری دوومیوانە نادیارەكەوە ئاماژە بۆ یەكدی دەكەن و گوێ لە گفتوگۆیەكانیان دەگرن كە دەبێتە مایەی گرژبوونیان لەپڕا)** بەڵێ كۆلۆنێلی گەورەم، جارێ نەگەیشتوون، بەلام دەگەن، وتار بێژ لەبری من ئەدوێ و باسی واتاو مەبەستی پەیامەكەم دەكات، لەهەر تاوێكابێ مێردی ئەو خانمە پەیدا ئەبێت.

**پیرەژن:** **(بۆ پیرەمێرد)** ئەم بەڕێزە كێیە؟

**پیرەمێرد:** **(بۆ پیرەژن)** ئەی پیێم نەوتی، ئەمە كۆلۆنێلە. **(بە شاراوەیی هەندێ شتی نابەجێ ڕوودەدات)**

**پیرەژن:** **(بۆ پیرەمێرد)** دەمزانی.

**پیرەمێرد:** باشە، كەواتە بۆ ئەتپرسی؟

**پیرەژن:** بۆ ئەوەی بزانم، ئەی كۆلۆنێل قنگە جگەرەكانت فڕێ مەدەرە سەر زەوییەكە.

**پیرەمێرد:** **(بۆ كۆلۆنێل)** گەورەم كۆلۆنێل، گەورەم، بیرم چوو، ئەرێ ئەم دوا جەنگەت بردەوە یان دۆڕانت؟

**پیرەژن:** **(بۆ خانمە نادیارەكە)** بەلام خانمۆڵەكەم، نابێ لەم شتانەدا ڕاراو دوو دڵبی

**پیرەمێرد:** سەیری من كە، لێم بڕوانە، بەسەربازێكی لێبووەوە دەچم؟ جارێكیان، گەورەم كۆلۆنێل لە یەكێ لە جەنگەكاندا...

**پیرەژن:** زۆری پێوە دەنێ! ئەمە جوان نییە! **(كۆلۆنێل بە نادیارەكە قۆڵ كێش دەكات)** گوێم لێگرە! مەهێڵە ئەو شتانە بكات.

**پیرەمێرد:** (بە خێرایی دەست بە قسەکردن دەکات) بەتەنها خۆم دووسەدو نۆم لێکوشتن، مێشیان پێ دەوتن، لەبەر ئەوەی دەرباز بن بەرزە بازیان ئەدا، هەرچەندە وەك مێش زۆریش نەبوون، ئەی کۆلۆنێل بە ئاشکرا شتەکە هێندەش خۆش نەبوو، بەڵام بە لێهاتوویی و توانامەوە توانیم کە... ئاها! نا، تکات لێدەکەم، تکات لێدەکەم.

**پیرەژن:** (بۆکۆلۆنێل) مێردەکەم هەرگیز درۆ ناکات، ئێمە لە تەمەنا ین ئەمە ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشا دوو کەسی بەڕێزین.

**پیرەمێرد** (بەتوندی بەکۆلۆنێل دەڵێ) دەبێ قارەمان بە ئەدەبیش بێت، ئەگەر ویستی بەتەواوی قارەمان بێت!

**پیرەژن:** (بۆ کۆلۆنێل) لەمێژە دەتناسم، لەو بڕوایەدا نەبووم شتی وا لەتۆوە دەرچێ (بۆ خانەکە، لە کاتێکا دەنگی بەلەمەکان دێت) هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم شتی وا لەوەوە بوەشێتەوە، کەرامەت و نەفس بەرزیمان هەیە.

**پیرەمێرد:** (بە دەنگێکی زۆر لەرزۆکەوە) هێشتاوەکو توانای چەك هەڵگرتنم هەیە (زەنگ لێدەدات) ببەخشە، دەڕۆم و دەرگاکە دەکەمەوە. (بەهەڵە خۆی لە کورسی خانە نادیارەکە دەدات و دەیخات) ئای! بمبەخشە.

**پیرەژن:** (بۆی دەچەمێتەوە) هیوادارم ئازارت پێ نەگەیشتبێ. (هەردووکیان خەریکی هەستانەوەی خانە نادیارەکەن) پیس بوویت، شوێنەکە پڕە لە خۆڵ. (کۆمەکی خانەکە دەکەن بۆ خۆتەکاندن و خاوێنبوونەوەی، سەرلەنوێ زەنگ لێدەداتەوە)

**پیرەمێرد:** ببەخشن، ببورن **(بۆ پیرەژن)** برۆ کورسییەك بێنە .

**پیرەژن: (بۆ دوو میوانە نادیارەکە)** تاویك ڕێگام پێ بفەرموون. **(لە کاتێکدا پیرە مێردەکە بۆ کردنەوەی دەرگای ژمارە (٣) دەڕوات, پیرەژن لەدەرگای ژمارە (٣) دێتە دەرێ و کورسییەك دێنێ ولە دەرگای ژمارە (٨) ەوە دەگەڕێتەوە)**

**پیرەمێـــرد: (بـــەرەو دەرگاکـــە)** دەیویست ڕقم هەڵسێنی و... لەوەدابوو تووڕە بم **(دەرگاکە دەکاتـەوە)** ئەها! خانمەکەم , ئەمە تۆیت؟! بڕوانەکـەم, لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر... هــەرگیز بـڕوام نـەدەکرد... بەڕاســـتییە؟ خۆیـــەتی... ئـــەها خانمەکـــەم , خانمەکـــەم... بەهــەرحاڵ , هەمیــشە لــە یادمــا بوویــت، بەدرێــژایی تەمــەنم. خانمەکـــەم , پێیـــان دەوتـــی (شـــەکرە ژن —شـــۆڕە ژن..) مێردەکەتـــە... وایـــان پـــێ وتم. بـــە دڵنیاییـــەوە... هـــەرهیچ نـەگۆڕاویت... ئـەها! بـەڵێ , بـەڵێ چـەند لووتـت درێـژبووە وە، چەند فـش بـووە... لەپێـشا هەسـتم بـەوە نـەدەکرد, بـەڵام ئێـستا دەبیــنم... بــە شــێوەیەکی ترســناك درێــژ بــووە... ئــەها ئــەی بەداخـــەوە! بەهـــەرحاڵ بەدەســـتی ئەنقەســـت نـــەبووە... چـــۆن چـــۆنی بـــووە؟ وردە وردە... بمبـــوورە گـــەورەم و بـــرادەرە ئازیزەکەم, ڕێگـە بفـەرموون بـە برادەرە ئازیزەکـەم بانگـت بکـەم , مـن ژنەکـەتم دەناسـی بـەر لەوەی تـۆ بیناسـیت... وەك چـۆنە هــەر ئـــاواهی بـــوو. بـــەلووتێکی گـــەلێك جـــوودەوە... پیرۆزباییـــت لێدەکـــەم , گـــەورەم دیـــارە هـــەردووکتان یـــەکتریتان زۆر خۆشدەویست ,

**(پیرەژن لە دەرگای ژمارە (٨) ەوە بە کورسییەکەوە دەردەکەوێت)** سەمیرە ئامیس دوانی کەش گەیشتن پێویستیمان بە کورسی ترە... **(پــیرەژن کورسییەکە دەخاتە پشت چوار کورسییەکەی ترەوە وە لە دەرگای ژمارە (٨) ەوە دەچێتە دەرێ و پاش تاوێ لە دەرگای ژمارە (٥) ەوە بە کورسییەکەوە دێتە دەرێ، لە تەنیشت کورسییەکەی پشتەوەی دادەنێت، لەوکاتەدا پیرەمێردو دوومیوانەکەی دەگەنە لای پیرەژنەکە)** وەرنە پێشێ , نزیك ببنەوە کەسانێکی تریش پێش ئێوە هاتوون، ئەتانناسێنم پێیان... کەواتە خانم.. ئەها! شەنگە خانم، شۆڕە ژن، ئاوایان پێ دەوتی ((شەنگە ژن ))... پشتیشت چەماوەتەوە... ئەها! گەورەم, لەگەڵ هەموو شتێکا هێشتا وەکو شۆخ و شەنگە, ئێستاش لە پشت چاویلکەکەیەوە چاوەکانی کەژاڵن، پرچی سپی بووە بەڵام لەژێر ئەو سپییەوە تاڵەکانی قاوەیی و شینن , ئا لەوە دڵنیام, فەرموون نزیك ببنەوە وەرنەپێش , گەورەم ئەمە چییە؟ دیاری بۆ ژنەکەم؟ **(بۆ پیرەژنەکە کە بە کورسییەکەوە دەگاتە ئاستیان)** سەمیر ئامیس , شەنگە ژنە, دەزانیت ,شەنگە ژن.... **(بۆ کۆلۆنێل و خانمە نادیارەکەی یەکەمین)** ئەمە خاتوو , ببورن,شەنگە ژن , خەندە ناکەن.... مێردەکەشی **(بۆ پیرەژن)** هاوڕێم لە ڕۆژانی منداڵیمەوە, گەلێك باسم بۆ کردوویت... مێردەکەشی **(سەر لەنوێ بۆ کۆلۆنێل و خانمە نادیارەکەی یەکەمین)** مێردەکەشی...

**پیرەژن: (بۆیان دەچەمێتەوە)** تا بڵێی لە پێشکەشکردندا چاپووکەو بە دەم و دوو و لێهاتووە , گەورەم بەیانیت باش , بەیانیت باش گەورەم **(دووکەسە نادیارەکەی دیسان پیشان دەدات)** دوو هاوڕێ، بەڵێ...

**پیرەمێرد: (بۆ پیرەژن)** دیاریت پێشکەش دەکات . **(پیرەژن دیارییەکە وەردەگرێت)**

**پـــــیرەژن:** گـەورەم , گوڵـە؟ یـان لانکـە؟ یـان درەختـە هەرمێیـە؟ یـان ئـەوە لەوەیە قەلە رەش بێت؟

**پیرەمێرد: (بۆ پیرەژن)** وانییە , تابلۆیە نابینی؟

**پـیرەژن:** ئای کـە جوانە! گـەورەم سوپاس.. **(بـۆ خانمـە نادیارەکـەی یەکەمین)** بڕوانە , هاوڕێ نازدارەکەم , ئەگەر بتەوێت .

**پیرەمێرد: (بۆ کۆلۆنێلی نادیار)** سەیرکە , ئەگەر بتەوێت...

**پیرەژن: (بۆ مێـردی شـەنگە ژن)** ئەی دکتۆر , دکتۆر , دڵم تێکەڵدێت و هەناسـە بڕکەمـە , دڵـم دێشێ و, ئـازارم هەیـەو , پێـستم سـڕە, لـەرزم پیـا دێـت و سـەرمامە, هەسـت دەکـەم پەنجـەکانم تـەزیون, جگەرم نەخۆشە... ئەی دکتۆر!...

**پیرەمێرد: (بۆ پیرەژن)** ئەم بەڕێزە دکتۆر نییە , نیگارکێشە .

**پـیرەژن: (بۆخانمی یەکـەم)** ئەگەر لە تەماشاکردنی تەواو بوویت دەتوانی هەڵیواسیت **(بۆ پیرەمێرد)** ئەوە گرنگ نییە، بەهەرحاڵ پیاوێکی باشە، جوانە **(بۆ نیگارکێشەکە)** مەبەستم ڕووماڵی نییە **(ئێستا دەبێ پیرەمێردو پیرەژنەکە لەپشت کورسییەکانەوە بن وپشتیان بە پشتی یەکەوە نووساوە، قسەدەکەن، پیرەمێرد بۆ شۆڕە ژنەکەو پیرەژنیش بۆ نیگارکێشەکە، ناوەناوێ هەریەکێیان ڕووبەلای یەکێ لە میوانەکاندا دەکات و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات)**

**پیرەمێرد: (بۆ شۆڕە ژنەکـە)** من لەوپەڕی دڵتەنگیام... تۆ ئەوەیت، لەگەڵ هــــەموو شـــــتێکدا... خۆشمەدەویـــــستی... لەســــەد ســــاڵ لەمەوبـەرەوە... ئـای لـەو گۆڕانکارییـەی لەوماوەیـەدا بەسـەرتا هاتووە!... نەگۆڕاییت... خۆشمەدەویستی، خۆشمدەوێیت.

**پیرەژن: (بۆ نیگارکێشەکە)** ئای! گەورەم، گەورەم، گەورەم...

**پیرەمێرد: (بۆ کۆلۆنێلّ)** من لەم شتەدا لەگەڵتام..

**پیرەژن: (بۆ نیگارکێشەکە)** ئای!ئەی گەورەم، بەڕاست.. بەڕاست... **(بۆ خانمەکەی یەکەم)** سوپاس بۆ ئەوەی وتت... ببورە.. هەندێ ماندووم کردیت. **(ئێستا ڕووناکترە، لەتەك هاتنی میوانە نادیارەکاندا بەرەو زیادبوون دەچێ)**

**پیرەمێرد: (خەریکە دەست بە گریان بکات، بۆ شەنگە ژنەکە)** کوانێ جارانێ؟

**پیرەژن: (بۆنیگارکێشەکە)** ئاوا! گەورەم، گەورەم، گەورەم.. ئای! گەورەم...

**پیرەمێرد: (بەپەنجە ئاماژە بۆ خانمە نادیارەکەی یەکەم ئەکات)** ئەمە هاوڕێیەکی گەنجە..کلۆ شەکرە...

**پیرەژن: (بەپەنجە ئاماژە بۆ نیگارکێش و کۆلۆنێلّ دەکات)** بەڵێ , ئەوکۆلۆنێڵەو لە لەشکری سوارەدا..هاوڕێی مێردەکەمە... سەرۆکیەتی، مێردەکەم مارشاڵ...

**پیرەمێرد: (بۆشەنگە ژنەکە)** هەرگیز گوێچکەکانت ئاوانووکدارنەبوون!... خانمە ئازیزەکەم، بەبیرتدێ؟

**پیرەژن: (بۆ نیگارکێشەکە، بازاڕیانە دەیلاوێنێ، تاوبەتاو بەربادتر دەبێ، کراسەکەی هەڵدەکێشێ و گۆرەوییە سوورە ئەستوورەکانی لاقەکانی بۆ دەردەخات، کراسە یەك لەسەر یەکەکانی بۆ هەڵدەماڵی کە شڕو وڕن، سینە چرو لۆچە پیرێژنییەکەی بۆ ڕووت دەکات، دەستەکانی سەر سمتی دەنێ و سەری بەدوادا دەخات و هوت و هاواری ئالۆشداری لێوە دێت و کەفەڵی بۆ بۆ پێشەوە دەبات و لنگی دەکاتەوەو قاقای سۆزانییەکی کچۆڵە لێ دەدات، ئەم نواندنەی لەگشت ئەوانی پێشوو جودایە ،چونکە**

لەم نواندنەیدا ناخ و کەسایەتییە شاراوەکەی دەخاتە ڕوو و ئاشکرای دەکات، پێویست دەکات لە پڕا وازبێنێ) ئەمە لەتەك تەمەنی مندا ناڵوێت... لەوبڕوایەدا نیت؟

**پیرەمێرد:** (بۆ خانمەکە، بەوپەڕی سۆزدارییەوە) لە ڕۆژانی ئێمەدا، مانگ ئەستێرەیەکی زیندووبوو، ئاه، بەڵێ، بەڵێ، ئەو دەمە ئێمە منداڵ بووین، گەر ئازایانە دڵداریمان بکردایە، دەتەوێ ڕۆژانی ونبوو بگریتەوە... ئایە هێشتاوەکو بەبەرمانەوە ماوە؟ ئێستاش دەتوانین؟ ئاه، نەخێر، نەخێر، ئیدی ئەوە نابێ و ناکرێ، کات وەك شەمەندەفەر خێرایانە ڕابوردو، لەسەر ڕوخسارمان چرچ و لۆچی بەجێهێشت، لەو بڕوایەدایت نەشتەرگەری جوانکردن بتوانێ مووجیزە بنوێنێ؟ (بۆ کۆلۆنێل) من کابرایەکی سەربازیم و تۆش هەمان شت، سەربازییەکانیش هەمیشە گەنجن، مارشاڵەکان وەك خوداوەندن... (بۆ خانمەکە) شتەکە ئاوا دەبێ... ئەی خودایە! ئەی خودایە! هەموو شتێکمان لەدەستدا. دەمانتوانی لەوپەڕی بەختیاریدابین، پێت دەڵێم، دەمانتوانی، دەمانتوانی، لەوەیە گوڵێ لەژێر شەختەوە چاو هەڵبێنێت!...

**پیرەژن:** (بۆ نیگارکێش) ئای نارەسەن! پیس و پۆخڵ، ئاه! ئاه! لەتەمەنی خۆم گەنجتر دەنوێنم؟ تۆ خوێڕییەکی هیچ و پووچی بچووکی! تۆ هەژێنەریت .

**پیرەمێرد:** (بۆ شۆڕە ژن) ئایە دەتەوێت بۆ ببیتە (ئیزولدە) و منیش بۆن بە (تریستان) بم؟ جوانی لە دڵاندایە... تێدەگەیت؟

دەمــانتوانی خۆشــی و جــوانی و هەمیــشەیی... هەمیــشەیی، هــەتا هــەتایی دابــەش بکــەین، باشــە بــۆ بەڕاسـتی نـەمانوێرا ئـەوە بکەین، هەر هەموو شتێکمان لە کیس چوو، لە دەست چوو...

**پــیرەژن: (بــۆ نیگــارکێش)** ئاه، نەء، نا، نەخێر، ئاها! نـا نـا، موچرکەم پێــدادێنێ، تــۆش موچــرکە بــە لەشــتا هــات؟ ئــارەزووی ختوکــەدانی خــەڵکیت هەیــە، یــان تــۆش لەوانەیــەت ختووکــە کـارت لێدەکات؟ هەست بـە کـەمێك شـەرم دەکـەم... (پێدەکـەنێ) کراسەکەتم بەدڵە؟ ئایە ئەم تەنورەیەت پێ باشە؟

**پیرەمێرد: (بۆ شەنگە ژن)** ژیانێکی کولەمەرگی بۆ مارشاڵی خانووکان!

**پیرەژن: (ئاوڕ لە خانمە نادیارە یەکەمەکە دەداتەوە)**

**پیرەمێــرد: (بــۆ شــەنگە ژن)** سەمیر ئامیسی هاوسـەرە خانەدانەکەم جێگـای دایکی بۆ گرتووەتەوە. **(ئاوڕ لە کۆنـۆڵێڵ دەداتــەوە)** کۆلۆنێڵ چـەند جـارم پـێ وتـی، مـرۆڤ لـە هەرشـوێنێکا ڕاسـتی ببینێتـەوە بڕوای پێدێنێت **(ئاوڕ لە شەنگە ژن دەداتەوە)**

**پــیرەژن: (بــۆ نیگــارکێش)** بەڕاستی لـەو بڕوایەدایت دەتوانرێت لـە هـەموو تەمەنێکا؟ منداڵبوون لە هەموو تەمەنێکا؟

**پیرەمێــرد: (بــۆ شــەنگە ژن)** ئـا ئەمـە بـوو ڕزگـاری کـردم! ژیـانی ناوخۆمـان، ئــــارامی و ئاســـــوودەیی ناوەوەمـــــان، زوهــــدو، توێژینـــــەوە زانستییەکانم، فەلسەفە، پەیامەکەم...

**پــیرەژن: (بــۆ نیگــارکێش)** تـا ئێستا ڕووی نـەداوە، ئـاوا بەم ڕادەیە ناپاکی لــە مارشــاڵی مێــردم بکــەم،... مــن تــەنها دایکــە کلۆڵەکــەیم! (دەگری) کۆنە دایکێك کۆن **(پاڵی پێوە دەنێ)** کۆن ئەم هاوارانە

لــە نا خمــەوە ســەر هەڵئــەدات , چــڵە دار ســێو شــكا، گوزەشــت، لــەمن گــەڕێ و بــڕۆ ڕێگا یــەكی دی ببینــەوە، نامــەوێ گوڵــەكانی ژیان بقرتێنم...

**پیرەمێرد: (بۆ شەنگە ژن)** سەرقاڵییەكی باڵا... **(پیرەژن و پیرەمێرد، شــەنگە ژن و نیگارکێش بۆ لای دوو میوانە نادیارەکەی دی دەبەن و دایان دەنیشێنن)**

**پیرەمێردو پیرەژن: (بۆشەنگە ژن و نیگارکێشەکە)** دانیشن، دانیشن**(پیرەمێردو پیرەژن دادەنیشن، پیرەمێرد لای چەپەوەو پیرەژن لای ڕاستەوەو چوار کورسییە بەتاڵەکەش لە نێوانیاندایە، بینراوێکی بێدەنگی درێژ، جاروبار وتنی وشەی (نا) و (بەڵێ) و (نا) (بەڵێ) تێدەکەوێت، هەردووکیان گوێ لەوقسانە دەگرن کە کەسایەتییە نادیارەکان دەیڵێن)**

**پــیرەژن: (بــۆ نیگــارکێش)** کوڕێکمان هەبوو... بە دڵنیاییەوە، هێشتا لە ژیاندایــە... کۆچــی کــرد... هەقا یــەتێکی بــاوە... زیــاتر بــەلای سەرســوڕهێنەرەوەیە... ڕۆیــشت... دڵێکــی لــە زێــڕی هــەبوو... ئەمــە لەمێــژەوە ڕوویــداوە...ئێمــە گرفتــاری خۆشەویــستی ئــەو بــووین... دەرگــای بــەدوای خۆیــدا بەیەکــدادا... حــەوت ســاڵان دەبــوو... تەمــەنی فــام، بانگمــان دەکــرد، کوڕەکــەم ئــەی کــوڕم، ئەی کوڕەکەم، ئاوڕی لێنەداینەوە...

**پیرەمێـــــــرد:** ئــەی خودایــە، نــەء. نــەخێر، منــداڵمان نــەبووە... زۆر بــە ئاواتــەوە بــووم کوڕێکمــان ببێــت... هــەروەها ســەمیر ئــامیس... هــەموو شــتێکمان کــرد.. ســەمیر ئــامیس کلــۆڵی ئــازیزم ،چــەندە دڵــی بــۆ ســۆزو نــەوای دایکا یــەتی لێــی نەدا، مــن خــۆم کــوڕێکی

نوقسان بووم، ئاه... مەراقەکان... پەشیمانی، جگە لەمانە هیچی ترمان بۆ نەماوەتەوە...

**پیرەژن:** دەیووت: چۆلەکەکان دەکوژن! بۆچی چۆلەکەکان دەکوژن؟... ئێمە چۆلەکە ناکوژین... خراپەمان بۆ مێشێکیش نەبووە، فرمێسك لە چاوانی دەڕێژاو نەماندەتوانی لێی نزیك ببینەوە و لێمان نەدەگەڕا بۆی بیسڕین...

**دەیووت:** گەر هەموو چۆلەکەکان بکوژن، هەر هەموو چۆلەکەکان... پاشا هەردوو دەستی بە ڕوومانا هەڵدەبڕی... ئێوە درۆ دەکەن... خەڵەتاندتانم! شەقامەکان پڕن لە چۆلەکەی کوژراو، بەو منداڵە بچکۆلانانەی ئازاری مەرگ دەکێشن، گۆرانی چۆلەکەیە!... نەء ناڵینە، ئاسمان سوورە بە خوێن... هەروەها هاواری دەکرد! خۆشمدەویست تا پەرستن، خەڵەتاندتانم، ولم دەزانی ئێوە باشن... شەقامەکان پڕن لە چۆلەکەی کوژراو، چاوەکانیانتان هەڵکۆڵیون... باوکە، دایکە ئێوە دڕندەن!... نامەوێ لاتان بمێنەوە... خۆم هاویشتە بەر پێیەکانی... باوکی دەگریا. نەمانتوانی پەشیمانی بکەینەوە، هات و هاوارەکانی لە گوێماندا دەزرنگایەوە! ئێوە بەرپرسیارن... چی دەگەیەنێ کە کەسێ بەرپرسیار بێت؟

**پیاوە پیرەکە:** دایکم بەتەنها لە چاڵێکدا بەجێهێشت بمرێت، بانگی لێ دەکردم، بە کزی و کەساسییەوە ناڵەو نوزە نوزی لێوە دەهات! کوڕە نازدارەکەم، ڕۆڵەکەم، بەتەنها جێم مەهێڵە بمرم... للامەوەبە، هێندەم نەماوە بمرم، دایکە گوێی پێ مەدە پاش تاوێکی دی

دێمەوە... ئەوەم پێ وتوو پەلەم بوو... بۆ سەماخانە دەچووم سەما بکەم، پاش تاوێکی دی دێمەوە، کە گەڕامەوە مردبوو، لەبن خاکەکەوە سپێردرابوو... خۆڵەکەم لاداو بەدوایدا دەگەڕام... نەمدییەوە... دەزانم، ئەزانم، هەمیشە ڕۆڵەکان دایکەکانیان بەجێ دەهێڵن و باوکەکانیشیان بەشێوەیەك لە شێوەکان دەکوژن... ئا ئەمە ژیانە... بەڵام من ئازاری پێ دەچێژم... بەڵام ئەوانی دی نا...

**پیرەژن:** هاواری دەکرد! باوکە، دایکە، ئیدی جارێکی تر ناتانبینمەوە...

**پیرەمێرد:** بەڵێ، ئازار دەچێژم، بەڵام خەڵکی دی نا...

**پیرەژن:** ئەو باسە بۆ مێردەکەم مەکەن، کە گەلێك دایك و باوکی خۆش دەویست، تاوێ لێیان نەگەڕانەوە، ئاگاداریان بووەو چاودێری کردوون... لە باوەشیا سەریان ناوەتەوەو پێیان دەووت: کوڕێکی جوامێر بوویت، خوداش بۆت باش دەبێت.

**پیرەمێرد:** هێشتاوەکو چاوم لێیە لە چاڵەکەیدا ڕاکشاوە، هاوار دەکات: لەیادم مەکەن، لەیادم مەکەن... چاوانی پڕ فرمێسك بوو، بەو ناوەوە بانگی دەکردم کە لە منداڵیما پێی بانگ دەکردم، دەیگووت: جوجکە بچکۆلەکەم، جوجکەکەم، لێرە بەتەنها بەجێم مەهێڵە.

**پیرەژن:** (بۆنیگارکێش) هەرگیز نامەی بۆ نەدەنووسین، جاروبارە هەندێ لە هاوەڵانی پێیان دەوتین لێرەو لەوێ دیویانەو باشەو مێردێکی باشیشە...

**پیرەمێرد:** (بۆ شەنگە ژن) لە گەڕانەوەمدا، کاتێکی زۆر بەسەرناشتنیا ڕابوردوو (بۆ خانمەکەی یەکەم) ئاها بەڵێ ئاها بەڵێ خا نمەکەم، لەماڵەوە سینەمامان هەیە، چێشتخانەی گەرماوانیش...

**پیرەژن:** (بۆ کۆلۆنێل) ئەی کۆلۆنێل، چۆن نا، ئەمە باشە لەبەر ئەوەی...

**پیرەمێرد:** لە ڕاستیدا، ئەمە باشە.. (نوقم دەبن لە گفتوگۆیەکی بێ کۆتاییدا)

**پیرەژن:** بەمەرجێك!

**پیرەمێرد:** واشنا... بۆئەو... بێگومان...

**پیرەژن:** (گفتوگۆیەکی چەلەحانی، لێی مندوو دەبن) بە کورتییەکەی...

**پیرەمێرد:** بۆ ئێمەو کەسانی تریش .

**پیرەژن:** بۆ ئەوەی...

**پیرەمێرد:** من بۆ ئەو...

**پیرەژن:** بۆ ئەو یان بۆ ئەویان...

**پیرەمێرد:** بۆ ئەوان...

**پیرەژن:** لەوە گەڕێ...

**پیرەمێرد:** ئەوە .

**پیرەژن:** بۆچی؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ...

**پیرەژن:** من...

**پیرەمێرد:** بە کورتی...

**پیرەژن:** بەکورتی

**پیرەمێرد:** (بۆ خانمەکەی یەکەم جار) خانمەکە دەڵێی چی؟ **(بێدەنگییەکی درێژخایەن، هەردوو پیرە لەسەر کورسییەکانیانن، پاشان سەر لەنوێ زەنگی دەرگا دەبسترێت)**

**پیرەمێرد:** **(زیاتر تووڕە)** دێن، خەڵکی، خەڵکێکی زیاتر..

**پیرەژن:** وا هەست دەکەم گوێم لە دەنگی بەلەمە...

**پیرەمێرد:** دەڕۆم دەرگاکە بکەمەوە، بڕۆ کورسی ئامادە بکە، ئەی بەڕێزان، ئێوەش هەردوو خانمان، ببەخشن **(بەرەو دەرگای ژمارە (٧) دەڕوات)**

**پیرەژن:** **(بۆکەسە نادیارەکان کە لەوێ ماونەتەوە)** تکایە، تاوێ هەستن، پاش کەمێکی تر وتاربێژ دێت، دەبێ ژوورەکە بۆ کۆبوونەوە ڕێکخەین **( کورسییەکان ڕێك دەخات، پشتیان دەکاتە هۆڵی بینەران)** تکایە یارمەتیم بدەن، سوپاس .

**پیرەمێرد:** **(دەرگای ژمارە (٧) دەکاتەوە)** ئەی خانمەکەم، ئەی گەورەکانم، بەیانیتان باش، فەرموونە ژوورەوە **(دووسێ کەسە نادیارە تازە گەیشتووەکە، گەلێك زەبەلاحن، پیرە مێردەکە دەبێ لەسەر نووکی پێ و خۆی قیت و قنج بکات تا بتوانێ تەوقەیان لەگەڵ بکات، پاش ئەوەی پیرەژن کورسییەکان دادەنێ وەك پێشان دراوە، دوای مێردەکەی دەکەوێت)**

**پیرەمێرد:** **(پێشکەشیان دەکات)** ژنەکەم... بەڕێز... خانم... ژنەکەم... بەڕێز... خانم.. ژنەکەم..

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم، ئەم هەمووە کێن؟

**پیرەمێرد (بۆ پیرەژن)** خۆشەویستەکەم بڕۆ کورسی ئامادەکە...

**پیرەژن:** ناتوانم هەموو شتێ بکەم..! **(بە بۆڵە بۆڵەوە لە دەرگای ژمارە (٦)وە دەچێتە دەرێ و پاشان لە دەرگای ژمارە (٧) ەوە دێتەوە، پیرەمێردیش میوانە تازە هاتووەکان بەرەو پێشەوەی شانۆ دەبات)**

**پیرەمێرد:** مەهێڵن ئامێرە سینەمایییەکانتان لێ بەرێتەوە... **(پتر پێشکەش دەکات)** کۆلۆنێڵ... خاتوو... شۆڕەژن... و نیگارکێش... ئەمانە ڕۆژنامەنووسن و ئەوانیش هاتوون تا گوێ لە وتاربێژەکە بگرن کە دەبێ هەنووکە بگات... ئارامتان بێ... بێ تاقەت مەبن... هەموو پێکەوە **(پیرەژنەکە لە دەرگای ژمارە (٧)ەوە دەردەکەوێ و دوو کورسی هەڵگرتووە)** دەی تۆ، خێراکە کورسییەکان بێنە... کورسییەکی دیمان دەوێت... **(پیرەژن لە دەرگای ژمارە (٣) وە دەڕوات هەتا کورسییەکی دی بێنێت، لە بۆڵە بۆڵ ناکەوێ، لە دەرگای ژمارە (٨)ەوە دەگەڕێتەوە)**

**پیرەژن:** کارەکە دەڕوات... ئیشەکە بەڕێوە دەچێت... ئەوەی دەیتوانم دەیکەم... منیش مرۆڤم خۆ مرۆڤە ئامێر نیم... ئەو هەموو خەڵکە کێن؟ **(دەچێتە دەرێ)**

**پیرەمێرد:** دانیشن، دانیشن، خانمەکان، بەڕێزان، پیاوان لەتەک پیاواندا، یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر بتانەوێ...لەم کورسییانە باشترمان نییە... شتەکە کتوپڕ بوو... ببەخشن... بگرە ئەوەی لە ناوەڕاستدا دانیشتووە... پاندانی مەرەکەبت دەوێت؟ بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ مایۆ بکە... مونیک وەڵامت دەداتەوە... کلۆدیش ئەوە بەپێی بارەکە... ڕادیۆم نییە... گشت ڕۆژنامەکانم پێ دەگات... ئەمەش لەسەر کۆمەڵێ شت

بەندە، من ئەم خانووانە بەڕێوە دەبەم، کەسیشم لەگەڵ خۆما بەکار نەخستووە... دەبێ دەست بە خەرج کردنەوە بگرم... ئێستا داوای دیمانەی ڕۆژنامەنووسیم لێ مەکەن، بە ڕووخسەتتان، پاشان، دوایی، دەبینین... ئێستا جێگای دانیشتنتان بەردەکەوێت... توخوا ئەو ژنە چی دەکات؟... (لە دەرگای ژمارە (٨) ەوە پیرەژنەکە دەردەکەوێت و کورسییەکی پێیە) سەمیرە ئامیس خێراکە...

**پیرەژن:** چیم لە توانادایە دەیکەم... ئەو هەموو خەڵکەی لەوێن کێن؟

**پیرەمێرد:** پاشان پێت دەڵێم...

**پیرەژن:** ئەو ژنەی لەوێدایە؟ ئەوەی لەوێدایە، عەزیزەکەم؟

**پیرەمێرد:** لەوەگەڕێ (بۆ کۆلۆنێل) گەورەم کۆلۆنێل، پیشەی ڕۆژنامەنووسیی لە پیشەی جەنگاوەر دەچێت... (بۆ پیرەژن) خۆشەویستەکەم چاوت لە خانمەکانەوە بێت و بە لایانەوە بچۆ... (زەنگ لێدەدات، پیرەمێرد بەرەو دەرگای ژمارە (٨) ڕادەکات) تاوێ چاوەڕوانبە... (بۆ پیرەژن) کورسییەکانت!..

**پیرەژن:** خانمەکان، گەورەکانم ببوورن... (لە دەرگای ژمارە (٣)ەوە دەردەچێت و پاشان لە دەرگای ژمارە (٢)ەوە دێتەوە، پیرەمێرد بەرەودەرگای ژمارە (٩) ی شاردراوەوە دەڕوات، دەیکاتەوە، لەو کاتەدا پیرەژن لە دەرگای ژمارە (٣) ەوە دێتەوە، ئەو دیار نامێنێت)

**پیرەمێرد:** (لەبەر چاونییە) فەرموون، فەورموون، بفەرموون... بێنە ژوورێ، فەرموون وەرنە ژوورێ... (دەردەکەوێت و حەشاماتێک لە کەسانی نادیاری بە دواوەیە، منداڵێکی بچووکیان لەناودایەکە پەلی بە

**پەلی پیرەمێردەکەیەوەیە )** ئەوانە منداڵی بچووك بۆ کۆڕی وتاربێژی ناهێنن... مناڵە بەستەزمانەکە بێزار دەبێت... گەر دەستی بە گریان کرد یان میزی بە کراسی خا نماندا کرد، ئەوە دەبێتە کارێکی جوان **(بەرەو ناوەڕاستی ژوورەکەیان دەبات، پیرەژن دەگات و دوو کورسی پێیە )** ژنەکەمتان پێدەناسێنم، سەمیرە ئامیس... ئەوانەش منداڵەکانین...

**پیرەژن:** خا نمەکان، گەورەکانم... ئای چەندە ڕێك و پێکن!

**پیرەمێرد:** ئەمەش لە هەموویان بچکۆلەترە .

**پیرەژن:** چەند ڕێکو پێکە، باشە... زۆر باشە!

**پیرەمێرد:** ئەرێ کورسییەکان بەش دەکەن؟

**پیرەژن:** ئای، نا نا نا نا... **(دەچێ بەدوای کورسی تردا دەگەڕێت، ئێستا دەرگاکانی ژمارە (٢و٣) بۆ هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە بەکاردەهێنرێت)**

**پیرەمێرد:** مناڵە بچووکەکە لە باوەش بگرن، با دوو جمکەکە لەسەر کورسییەك دانیشن، وریا بن، قایم نین... کورسی ماڵەوەن، هینی خاوەن خانووەکەیە، بەڵێ ڕۆڵەکانم، شەڕم لەگەڵ دەکات، بێ حەیایە... داوا دەکات لێی بکڕین، هیچ ناهێنێ . **(پیرەژنەکە بە هەڵە داوان دەگات و کورسییەکی پێیە )** ئێوە هەمووتان یەکتری ناناسن... بۆیەکەم جار یەکتری دەبینن... جگە لە ناوی یەکتری چیدی نازانن... **(بۆ پیرەژن)** سەمیرە ئامیس لەم کاری یەکتر ناسینەدا یارمەتیم بدە.

**پیرەژن:** ئەم هەموو خەڵکەی لێرەن کێن؟ من پێشکەشتان دەکەم، ڕێگا بفەرموون من پێشکەشتان دەکەم... بەڵام ئەمانە کێن؟

**پیرەمێرد:** ڕێگا بفەرموون تا پێشکەشتان بکەم... پێشکەشتان بکەم... پێشکەشتان بکەم... گەورەم... خانمەکەم... خاتوونەکەم... گەورەم... خانمەکەم... خانمەکەم... گەورەم... خاتوونەکەم... خانمۆڵەکەم...

**پیرەژن:** (بۆ پیرەمێرد) بەروانکە خوریەکەت لەبەر کردووە؟ (بۆ نادیارەکان) گەورەم، خانمەکەم، گەورەم...

(سەر لەنوێ زەنگ لێدەداتەوە)

**پیرەمێرد:** خەڵك! (لێدانێکی دی)

**پیرەژن:** خەڵك! (سەر لەنوێ زەنگ لێدەدات، پاشان یەك بەدوای یەك لێدەدات، پیرەمێرد لە وزەیا نامێنێ کورسییەکان پشت لە بینەران دەکرێن و ڕووەو سەکۆی وتاربێژەکە کە لە پێشەوەی شانۆکەدایە، بە هۆڵی نمایشەکان دەچێت، پیرەمێرد هەناسە بڕکێیەتی و ئارەقەی ناوچەوانی دەسڕێتەوە و لەم دەرگاوە بۆ ئەو دەرگا دەچێت و کەسە نادیارەکان دا دەنیشن. پیرەژنیش چەندی لە وزە دایە خستۆتیە کارو بە شەلە شەل ئەم دەرگاو ئەو دەرگایەتی و بەدوای کورسیدا دەگەڕێ و دەیانهێنێت، شانۆ بە کەسە نادیارەکان جمەی دێ هەردوو پیرە وریای ئەوەن بەر کەسەکان نەکەون، بە نێوانی ڕیزی کورسییەکان دێن و دەچن) دەتوانی بەم شێوەیە بێن و بچن (پیرەمێرد بەرەو دەرگای ژمارە (٤) دەچێ، پیرەژن لە دەرگای ژمارە (٣)ەوە دەچێتە دەرێ و لە دەرگای ژمارە (٢) وە دەگەڕێتەوە، پیرەمێردەکە دەڕوات و دەرگای ژمارە (٧) دەکاتەوە و پیرەژن لە دەرگای

**ژمارە (٨) ەوە دەچێتە دەرێ و لە دەرگای ژمارە (٦) ەوە دەگەڕێتەوەو كورسی پێیە! بەم شێوەیە بە بەكارهێنانی گشت دەرگاكان هاتوچۆ كردنەكە هەموو سەر شانۆیەكە دەگرێتەوە)**

**پیرەژن:** ببەخشن.. بە داخەوە.. چی... بە داخەوە... ببەخشن...

**پیرەمێرد:** گەورەكان.. بفەرموونە ژوورەوە.. خانمەكانم... وەرنەژوورێ ئەو خاتوونە... ڕێگام پێبدە... بەڵێ...

**پیرەژن: (كورسی پێیە)** نا... نا... زۆرن... بەڕاستی زۆرن، زۆرن، زۆر زۆرن، ئاه! نا نا نا نا... **(لە دەرەوە دەنگی بەلەمەكان زیاد دەكات و نزیك دەبنەوە و هەراو هۆریاو غەڵبەغەڵبەكە تەنها لە پشت شانۆوە دێت و هەردوو پیرە لە هەمان هەڵسوكەوتی پێشوویان بەردەوام دەبن، پیرەمێردەكە دەرگاكان دەكاتەوەو پیرەژنیش خەریكی كورسی هێنانە. زەنگ لێدەدات)**

**پیرەمێرد:** ئا ئەم كەل و پەلە هەڵچنراوانە ڕێگاكەی تەسك كردۆتەوە **(لای دەبات، یان بڵێین بە جووڵەیەك لابردنەكە دەنوێنێت. لە مەدا پیرەژنەكە یارمەتی دەدات)** هیچ شوێنێ نەماوە، لێرە، ببەخشە...

**پیرەژن: (خەریكی لابردنی كەل و پەلە ڕێگرەكانە)** ئەرێ بەروانكە خورییەكەت لەبەر كرد؟ **(زەنگ لێدەدات)**

**پیرەمێرد:** خەڵك! كورسی! خەڵك! كورسییەكان! ئەی خانمەكان و بەڕێزەكان بێنە ژوورێ... سەمیرە ئامیس خێراكە... یارمەتیت دەدەم.

**پـــــــيرەژن:** ببەخـــشە... بــە داخـــەوە... گـــەورەم... خانمەكـــەم... ڕۆژتـــان باش... گەورەم... گەورەم... بەڵێ... بەڵێ، كورسييەكان...

**پيرەمێرد:** **(لەم كاتەدا لێـدانی زەنگەكـە تونـدتر دەبێـت و دەنگـە دەنگـی لێـدانی بەلەمـەكان لـە شۆسـتەی كـەنارە نزيكەكـە دەبيـسترێت، پيرەمێـرد لـە نێوانی كورسييەكاندا تەواو شـپرەزەو سـەر لێـشێواو دەبێـت و ئێـدی كـاتی ئـەوەی نامێنـێ دەرگـاو دەرگـای بـۆ بكـات، لێـدانی زەنگەكـەش بـە خێرايـــی يـــەك لـــەدوای يـــەك لێـــدەدات)** بەڵێ، هەرئێـستا... ئـەرێ بەروانكـە خورييەكـەت لەبـەر كـردووە؟ بـەڵێ، بـەڵێ، هـەر ئێـستا، ئارامت بێ، بەڵێ، بەڵێ... ئارامتبێ...

**پـــــــيرەژن:** ئـــەرێ بەروانكـــە خورييەكـــەت؟ بەروانكـــە خورييەكـــەت؟... ببەخشن، بە داخەوە

**پيرەمێـــــــرد:** لێـــرەوە گـــەورەكانم خانمـــەكانم داواتـــان لێدەكـــەم. دا... ببەخـــشن... وەرنـــە ژوورێ، وەرنـــە ژوورێ... بـــڕۆ... لـــەوێوە، جێگاكـــان... هـــاوڕێ خۆشەويـــستەكەم... لـــەوێوە نـــا، وريابـــە... تۆ، هاوڕێكـەم؟... **(ماوەيـەكی درێژ خايـەن بـەبێ قـسەكردن دەنگـی شەپۆلەكان و بەلەمەكان و زەنگ لێدان بەردەوام دەبيـسترێ، جوڵـە جـوڵ دەگاتە ئەوپەڕی، دەرگاكان دەكرێنەوە، ئێستا دادەخـرێن بـەبێ وەسـتان، تەنها دەرگا گەورەكەی دواوە بە داخراوی دەمێنێتـەوە، هـەردوو پـيرە لـەم دەرگاوە بۆ ئەو دەرگايانەو بەبێ گفتوگۆكردن، لە پەلە پەلە كردنيانـدا لـەوە دەچـێ بخيلـسكێن، پيرەمێردەكـە پێـشوازيی لـە خەڵكەكـە دەكـات و دەيانگەيەنێت، چونكە كاتی بە دەستەوە نييـە، هـەر ئەوەنـدەی يـەك دوو هەنگاوێك لەگەڵيان دەڕوات هەتا جێگاكانيان پـێ نيشان دەدات، پـيرەژن**

سەرقاڵی کورسی هێنانە , پیرەژن و پیرەمێرد یەك دووجارێ بەر یەکتری دەکەون و بەبێ ئەوەی لە جووڵە بکەون، پاشان لە ناوەڕاست و پشتەوەی شانۆکەدا پیرەمێرد لە شوێنی خۆیدا لە باکورەوە بۆ ڕاست و لە ڕاستەوە بۆ باکور دەخولێتەوە... بەو پەڕی خێرایی و بە هەردوو قۆڵی ئاماژە بۆ شوێنەکان دەکات، لە کۆتاییدا پیرەژنەکە ڕادەوستێت و کورسییەکی بە دەستەوەیە پاشان دایدەنێت و ئەوسا هەڵی دەگرێتەوە، دوایی دایدەنێتەوەو دەردەکەوێت کە بڕیاری داوە دەرگاو دەرگا بکات لە ڕاستەوە بۆ چەپ لە چەپەوە بۆ ڕاست بەو پەڕی خێراییەوە سەرو ملی با دەدات، بەبێ ئەوەی لە جووڵە بکەوێت... دەبێ هەمیشە هەردووکیان وا بنوێنن کە بەردەوامن لە جووڵەو وەستانیان بۆ نییە، هەرچەندەش لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە، دەکرێ بۆ ئەو مەبەستەش دەست و سنگ و سەرو چاوانیان لە بازنەی گچکەدا بجوڵێنن، لە کۆتاییدا، سەرەتا جووڵە کردنەکەیان بەرە بەرەو هێدی هێدی کەم دەبێتەوەو تا وردە وردە هێواشتر دەبێت و دەنگی زەنگ لێدانەکە کەم دەکات، خێرایی دەرگا کردنەوەکانیش هێواش دەبنەوەو جووڵەی هەردوو پیرەکە بە شێنەیی خاو دەبێتەوە، ئەو دەمەش کە ئیتر دەرگاکان لە داخستن و کردنەوە دەکەون و زەنگەکان کڕ دەبن ئیدی نایبسترێن، هەست بەوە دەکرێت تەختەی شانۆ پڕبووە لە خەڵکی)

**پیرەمێرد:** لەسەرخۆبن، ئارامتان بێ داتان ئەنیشێنم... سەمیرە ئامیس دان بە خۆتا بگرەو هەڵمەچۆو دەمارگیر مەبە

**پیرەژن:** (بە دەستە بەتاڵەکانی ئاماژەی گەورە دەکات) خۆشەویستەکەم کورسی لێنەماوە (لە پڕا لە هۆڵە قەرەباڵغە دەرگا داخراوەکاندا دەست بە فرۆشتنی پرۆگرامە نادیارەکە دەکات) بەرنامە، بەرنامە

بکـــڕن، بەرنامـــەی ئاهەنگـــە شـــەو، بەرنامـــە، بەرنامـــە بکـــڕن، داوای بەرنامە بکەن!

**پیرەمێـــــرد:** ئـــەی خانمـــەکان و بـــەڕێزەکان، بێـــدەنگی، هێمنـــی، مـــشوورتان دەخـــۆین، هەرکەســـەو بـــەپێی کارەکـــەی و ئـــەوەی لـــە ئەســـتۆی دایـــە، بـــەپێی کـــاتی ئامـــادەبوون، شـــوێنتان بـــۆ دابـــین دەکـــەین... کارەکە ئەنجام دەدەین...

**پـــــــیرەژن:** داوای پڕۆگرامەکـــە بکـــەن! ئـــەی خانمەکـــەم، کەواتـــە کـــەمێك چـــاوەڕوانبە، لەیـــەك کاتـــدا نـــاتوانم بـــەدەم هەمووانـــەوە بـــێم، خـــۆ ســـی و ســـێ دەســـتم نییـــە، مانگـــا نـــیم... بـــەڕێزتکـــات لـــێ دەکـــەم ئـــەو بەرنامەیـــە بگەیەنـــە بـــەوەی تەنیـــشتت، ســـوپاس... پارەکـــانم، پارەکانم...

**پیرەمێـــــرد:** خـــۆت ئـــاڵۆز مەکە، چـــەند جـــار پێمـــان وتـــی داتدەنیـــشێنین، ئـــا لێـــــرەوە، لێـــــرەوە، ئاگـــــات لـــــەخۆتبێ... ئـــــای، ئـــــەی هـــــاوڕێ ئازیزەکەم... هاوڕێیانی ئازیزم...

**پیرەژن:** بەرنامە... داوای بەرنامە بکەن... بەرنامە... نامە...

**پیرەمێـــرد:** دەتـــەوێ چی بکەم؟ چیم لـــە توانـــادا هەیە خستوومەتە کـــار (بـــۆ دانیـــــــشتووە نادیارەکـــــــان) کـــەمێك بـــەملاوە، ئەگـــەر ڕێگـــا هەیـــە، خانمەکـــەم وەرە پێـــشێ... ئـــــەوە شـــــوێنێکی بـــــچووکە، ئـــــەوە بۆتۆیـــە..(جـــەماوەر ناچـــاری دەکـــات ســـەر ســـەکۆی وتاربێـــژی بکـــەوێت) خانمـــەکانم، بـــەڕێزەکانم، داوای لێبـــوردن دەکـــەم هـــیچ شـــوێنێکی دانیشتن نەماوە...

**پیرەژن:** **(ڕووبەڕووی مێردەکەیەتی و لە نێوان دەرگای ژمارە (٣) و پەنجەرەکەدایە)** داوای بەرنامە بکەن... کێ بەرنامەی دەوێت؟ شکۆلاتەی بەستوو، حەلوا... **(قەرەباڵغییەکە ئابلۆقەی داوە و جووڵەی لێبڕیوە، ئەوەندەی پێدەکرێت بەرنامەو حەلوا بەسەر سەری نادیارەکاندا هەڵدەدات)** ئەوە بگرن، بیبەن، بۆتۆ...

**پیرەمێرد:** **(لەسەر سەکۆیەو تەواو سەرقاڵ و جەنجاڵ و شپرەزەیە و سەر لێشێواوە، لە سەکۆکە دادەبەزێ و پاشان سەر دەکەوێتەوە و جارێکی دی دا دەبەزێتەوە، خۆی بە یەکیکا دەکێشێت، خۆی پیا دەکێشرێت و دەڵێ)** ببەخشە... هەزار جار داوای لێبوردنت لێ دەکەم... ئاگاداری چوار دەورت بە... **(پاڵی پێوە دەنرێت، بەملاو لادەکەوێت، بە زەحمەت خۆی ڕادەگرێتەوە و ڕاست دەبێتەوە، خۆی بە شانی خەڵکە نادیارەکەی دەورو بەری دەگرێت)**

**پیرەژن:** مەسەلە لەم قەرەباڵغییە زۆرە چییە؟ بەرنامە، کەواتە داوای بەرنامە بکەن، شکۆلاتەی بەستوو...

**پیرەمێرد:** خانمەکانم، خانمۆڵەکانم، گەورەکانم، تاوێ بێدەنگی، لێتنان دەپاڕێمەوە... بێدەنگی... شتەکە زۆر گرنگە، ئەوانەی شوێنی دانیشتنیان نییە تکایە ڕاڕەوەکە چۆڵ کەن، ئا ئەمە شتەکەیە... لە نێوان کورسییەکاندا مەمێنن..

**پیرەژن:** **(خەریکە هاوار بۆ پیرە مێردەکە بکات)** ئازیزەکەم ئەم هەموو خەڵکە، ئا ئەوانەی لەوێدان کێن؟ هاتوون چی لێرەدا بکەن؟

**پیرەمێرد:** تکایە ڕێگاکە بکەنەوە، خانمەکانم، گەورەکانم ئەوانەی شوێنیان نییە، با لە پێناوی حەسانەوەی هەمووماندا پشت بە

دیوارەکانەوە بدەن، ئا لەوێوە، لای ڕاست یان سەروو... گوێتان لە هەموو شتێك دەبێت... چاوتان لە هەموو شتێکەوە دەبێت... لە هیچ مەسەلەمێنەوە، هەموو شوێنەکان باشن!

**(گواستنەوەو ڕێکخستنەوەیەکی زۆر هەیە، دەکەوتە بەر لێشاو و پاڵەپەستۆی حەشاماتەکە و خۆی لە تەنیشت پەیژەکەی لای پەنجەرەکەی لای ڕاستەوە دەبینێتەوە، هەروەها دەکرێت هەمان حاڵەت لە پیرەژنەکەش ڕووبدات، بە چوار دەوری تەختەی شانۆکەدا خول دەخوات، بەڵام بە ئاراستەی پێچەوانەوە، ئاکام خۆی لەلای پەنجەرەکەی لای چەپەوە دەبینێتەوە)**

**پیرەمێرد:** (ئەو هەڵسوکەوتانە دەکات کە دیاریکراوە) پاڵمەنێن، پاڵمەنێن...

**پیرەژن:** (بەهەمان شێوەی مێردەکەی دەکات) پاڵمەنێن، پاڵمەنێن...

**پیرەمێرد:** (بەهەمان شێوە) پاڵمەنێن، پاڵمەنێن...

**پیرەژن:** بەڕێزینە، گەورەکانم خانمەکانم، پاڵمەنێن، پاڵمەنێن...

**پیرەمێرد:** (لەسەر هەمان شێوە بەردەوامە) هێمنی... بەزەیتان بێتەوە... بێدەنگی... ئا ئەمە چییە...

**پیرەژن:** (لەسەر هەمان شت بەردەوامە) خۆ ئێوە کێوی نین، بەهەرحاڵ...

**(هەردووکیان گەیشتوونەتەوە شوێنی کۆتاییان، هەریەکەیان لەپەنا پەنجەرەکەیەوە، پیرەمێردەکە لەلای چەپەوە و بەتەنیشت سەکۆی وتاربێژییەکەوەو پیرێژنەکە لەلای ڕاستەوە تا کۆتایی لە شوێنی خۆیان نابزوێن)**

**پیرەژن:** (بانگی مێردە پیرەکەی دەکات) ئەی خۆشەویستەکەم... ناتوانم بتبینم... لە کوێیت؟ ئەمانە کێن؟ ئەم هەمووە چییان دەوێت؟ ئا ئەوەی لەوێدایە کێیە؟

**پیرەمێرد:** تۆ لەکوێیت؟ سەمیر ئامیس تۆ کوایت؟

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم، تۆ لە کوێیت؟

**پیرەمێرد:** لێرەم لای پەنجەرەکەوە... گوێت لێمە...

**پیرەژن:** بەڵێ گوێم لێتە!... دەنگە دەنگێکی زۆرە... بەڵام من دەنگی تۆ دەناسمەوە...

**پیرەمێرد:** ئەی تۆ، تۆ لەکوێیت؟

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم، منیش هەروەها لای پەنجەرەکەوەم من دەترسم، خەڵکەکە گەلێکن... ئێمە هەریەکەمان لەوی دیمان دوورە... لەو تەمەنەی ئێمەدا دەبێ زۆر وریاو بە ئاگابین... لەوەیە بزر بین... پێویستە لای یەکەوە بین، کەس نازانێ چی ڕوودەدات، ئەی ئازیزەکەم، ئەی خۆشەویستەکەم...

**پیرەمێرد:** ئەها! بینیمیت... ئەها!... لەهیچ مەترسە هەریەکەمان ئەوی تر دەبینێت (**بۆ هاوڕێکان**) چەندە بەختەوەرم کە تەوقەتان لەگەڵ دەکەم و دەستتان دەگوشم... بێگومان، من بڕوام بەم پێشکەوتنە بەردەوامە هەیە... کە تووشی ڕاتەکاندن دەبێت، بەهەرحاڵ، بەهەرحاڵ...

**پیرەژن:** سوپاس... کارەکان بەڕێوە دەچن... ئای کە کەشێکی ناخۆشە! ئای کە کەسێکی جوانە! (**لەبەرخۆیەوە**) من دەترسم، لەگەڵ ئەوەشدا... لێرەدا چی بکەم؟... (**هاوار دەکات**) ئەی خۆشەویستەکەم! ئەی خۆشەویستەکەم!

**(هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە قسە بۆ بانگکراوەکان دەکات)**

**پیرەمێـــرد:** بۆ ئـەوەی چـی دی نەهێڵین مـرۆڤ مـرۆڤ بڕەتێنێت پێویـستیمان
بە پارە دەبێت، بە پارە، پارەیەکی زیاتر!

**پــیرەژن:** ئـەی خۆشەویستەکەم! **(پاشــان بــە هاوڕێیــان دەوره دەدرێــت)** بەڵێ،
مێردەکـــە، ئـــەوەتا لەوێدایـــە، ئـــەو خـــۆی هەڵدەســـتێت بـــە
ڕێکخـــستنی... لەوێدایـــە... ئاهـــا! نـــاتوانن بیگـــەنێ... دەبـــێ
بپەڕنەوە، لەگەڵ چەند برادەرێکا یە...

**پیرەمێــــرد:** نـەخێر، بـە دڵنیاییـەوە... مـن هەمیـشە وامـدەووت... لـۆژێکی
رووت بوونی نییە بە... قسەی هیچە .

**پـــــیرەژن:** دەبیـــنن، خـــەڵکێکی بـــەختیار هەیـــە، بـــەیانییان لـــە فڕۆکـــەدا نـــان
دەخـــۆن و لـــە نیوەڕوانـــدا لەشـــەمەندەفەرداو ئێـــوارە ش لـــە
کەشـــتیداو شـــەوانە ش لـــە گالیـــسکەی گواســـتنەوەدا دەخـــەون و
دەیانبات و کێشیان دەکات و دەکات...

**پیرەمێــــرد:** بـاس لـە کەرامـەتی مرۆڤـەوە دەکـەن؟ بـا هەوڵـدەین بەلایـەنی
کەمـەوە ڕووکارەکـە رزگـار بکـەین، کەرامـەت هـیچ شـتێ نییـە
تەنها پشت نەبێ .

**پــیرەژن:** لە تاریکیا مەخلسکێن. **(لــەکاتی ئاخاوتنەکــەدا دەســت بــە پێکــەنین دەکات)**

**پیرەمێرد:** هاوولاتیەکانتان داوای ئەوەم لێدەکەن...

**پیرەژن:** بە دڵنیا ییەوە، هەموو شتێکیان بۆ گێڕامەوە...

**پیرەمێـــرد:** بانگمکردوون... تـا بۆتـان بـاس بکەم... تـاك و مرۆڤ، هیـچی تـر
نییە، تەنها یەك کەسە .

**پـــــــــيرەژن:** دوو ڕووە، ئــەو ڕووەی درووســـت كـــراوە، پارەيـــەكی زۆر قەردارمانە.

**پيرەمێـــرد:** من.. من نيم، من كەسێكی ترم، من يەكێكم لە كەسێكی تردا

.

**پيرەژن:** ڕۆڵەكانم، با هەر يەكەتان سڵ لەوی تر بكاتەوە...

**پيرەمێـــرد:** هەنـدێ جار لـە نێـوانی بێدەنگييـەكی ڕەهـادا بـە ئاگـادێم، ئـەوە گـۆی زەوييـە، هيـچی لـێ كـەم نييـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ چـاومان لێـی بێـت، لەوەيـە ئـەم گـۆی زەوييـە لـە چـاو تروكاندنێكـدا وردو خـاش بێـت، كـونی تيادايـە، دەتـوانی لـەو كونانەوە هەڵبێيت.

**پـــيرەژن:** گيانە گەڕاوەكان، تارماييەكان، هـيچ شـتێك نييـە... مێردەكەم لـە بواری زۆر گرنگا پسپۆری دەكات، بەرزو باڵا...

**پيرەمێـــرد:** ببەخـشن.. بە هـيچ شـێوەيەك ئەمە ڕای من نييە!... لـە كـاتی خۆيـدا ڕای خۆمتـان سـەبارەت بـەم بابەتـە پـێ دەڵـێم... ئێـستا كـە هـيچ نـاڵێم!... ئـەوە وتاربێـژ ئـەوەی چـاوەڕوانين، ئـەو پێتـان دەڵێـت، لـەبری من هەرچی لەبيرتانايە، ئەو وەڵامتـان دەداتـەوە... هەموو شتێكتان بۆ باس دەكات... كەی؟ كە كاتـێ... ئەو ساتەی وادەی دێت... ئەو ساتەش بەم نزيكانە دێت.

**پـــيرەژن:** (**لەشـــوێنی خـــۆی و بـــۆ هاوڕێكـــانی**) ئەوە تا زووتـر بێـت چاكترە... ئەمە شـتێكی ئاساييە... (**لەگـــەڵ خۆيـــا**) لێمـان ناگـەڕێن تـاوێ ئـارام بين، بـا بـڕۆن!... خۆشەويـستە بەسـتەزمانەكەم، لـە كوێيـە، نايبينم...

**پیرەمێرد:** (بەردەوامە) ئاوا ورەتان بەرمەدەن، هەر ئێستا پەیامەکەم دەبیستن

**پیرەژن:** (بۆخۆی) ئاها!... گوێم لە دەنگیەتی!... (بۆ هاوڕێیان) ئەرێ دەزانی، مێردەکەم کەس نەیدەناسی، دواجار، کاتی هات...

**پیرەمێرد:** گوێم لێبگرن، لە بوارێکی ژیانا، لەگشت بوارێکی بیرو باوەڕدا... ئەزمونێکی دەوڵەمەندم هەیە... من خۆویست نیم... دەبێ مرۆڤایەتی سوود لە ئەزموونەکەم وەربگرێت...

**پیرەژن:** ئای! پێ بە قاچەکانما دەنێن، پێیەکانم لەسەرماوە پەڕیون!

**پیرەمێرد:** پرۆگرامێکی تەواوت داڕشتووە (بۆخۆی) دەبوو وتاربێژەکە بگەیشتایە! (دەنگ بەرز دەکاتەوە) گەلێك ئازارم چێژت...

**پیرەژن:** گەلێك ئازارمان چێژت (بۆخۆی) دەبوو وتاربێژەکە بگەیشتایە، بەهەرحاڵ کاتییەتی...

**پیرەمێرد:** ئازارم چێشت، گەلێك ئازارم چێشت، زۆر شت فێربووم...

**پیرەژن:** (وەك دەنگدانەوە بێت) زۆر ئازاری چێشت، زۆر فێربوو

**پیرەمێرد:** خۆتان دەبینن پرۆگرامەکەم چەندە درووستە .

**پیرەژن:** (وەك دەنگدانەوە) خۆتان دەبینن پرۆگرامەکەم چەندە درووستە...

**پیرەمێرد:** گەر بتانەوێ گوێ ڕایەڵی ڕێنماییەکانم بن .

**پیرەژن:** (وەك دەنگدانەوە) گەر بتانەوێ گوێ ڕایەڵی ڕێنماییەکانم بن .

**پیرەمێرد:** با جیهان ڕزگار بکەین

**پیرەژن:** (دەنگ دانەوە) مرۆڤ گیان ڕزگار ئەکات، ئەوە جیهان ڕزگار ئەکات!

**پیرەمێرد:** تەنها ڕاستییەکە بۆ هەمووان..

**پیرەژن: (دەنگ دانەوە)** تەنها ڕاستییەکە بۆ هەمووان...!

**پیرەمێرد:** گوێڕایەڵم بن!...

**پیرەژن: (دەنگ دانەوە)** گوێڕایەڵی بن!...

**پیرەمێرد:** لەبەر ئەوەی گومانم لانەماوە... دڵنیایی ڕەها...

**پیرەژن: (دەنگ دانەوە)** دڵنیایی ڕەهای لایە .

**پیرەمێرد:** هەرگیز..

**پیرەژن: (دەنگ دانەوە)** هەرگیز، هەرگیز..

**(لە پڕا دەنگی غەڵبە غەڵب و دەنگی کەرەنا لە پشتی شانۆوە دێت )**

**پیرەژن:** چی ڕوویداوە؟

**(هاتوهاوارەکە پتر دەبێت، لەگەڵ گرمە گرمێکی زۆردا دەرگاکەی پشتەوە دەکەوێتە سەرپشت، لەپشت دەرگاکەوە چۆڵەو هیچ دیار نییە، ئەوەندە نابات لەگەڵ گەیشتنی ئیمپراتۆردا ڕۆشنایییەکی بەهێز لە دەرگا گەورەکەو هەردوو پەنجەرەکەوە هەموو شانۆ ڕووناک دەکاتەوە)**

**پیرەمێرد:** نازانم.. بڕواناکەم... ئا ئەمە دەبێت... بەڵێ... بەڵێ... هەرگیز بڕوا ناکرێت... لەگەڵ ئەوەشدا... بەڵێ... بەڵێ...ئیمپراتۆرە... ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ...

**(ڕووناکی لە دەرگا کراوەکە و هەردوو پەنجەرەکەوە لەو پەڕیدایە، بەلام ڕووناکییەکی سارد... دەنگە دەنگێ دێت و لە پڕا نامێنێت )**

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم... ئەی ئەزیزەکەم... ئەمە کێیە؟

**پیرەمێرد:** هەستن... ئەوە ئیمپراتۆری خاوەن شکۆیە... ئیمپراتۆر لە ماڵمایە.. لە ماڵماندایە.. سەمیرە ئامیس تۆ لەو بڕوایە دا بوویت؟

**پیرەژن:** **(تێنەگەیشتووە)** ئیمپراتۆر... ئیمپراتۆر؟ ئەی ئازیزەکەم! **(لە پڕا تێدەگات)** ئاها، بەڵێ، ئیمپراتۆر، خاوەن شکۆ... خاوەن شکۆ! **(بەگەرمییەوە و بە شێوەیەکی پێکەنین هێنەر چەند جارێك بۆی ئەنوشتێتەوە)** لەماڵی ئێمە... لە ماڵی ئێمە!

**پیرەمێرد:** **(لەخۆشیا دەگری)** خاوەن شکۆ...! ئاها! ئەی گەورەم خاوەن شکۆ... ئای کە بەسەر کردنەوەیەکی خەونێکی سەرسوڕهێنەرە...

**پیرەژن:** خەونێکی سەرسوڕهێنەرە... هێنەر...

**پیرەمێرد:** **(بۆ خەڵکە نادیارەکان)** خانمەکانم، گەورەکان، هەستن، گەورەو سەروەری خۆشەویست ئیمپراتۆر وا لە ناوماندایە... بژی... با بژی... هەربژی... **(سەر پەیژەکە دەکەوێت و لەسەر نووکی پێ ڕادەوەستێ بەڵکە ئیمپراتۆر ببینێ، پیرەژنیش وەکو ئەو دەکات)**

**پیرەژن:** بژی... با بژی... هەربژی... **(تەپەی پێ)**

**پیرەمێرد:** ئەی خاوەن شکۆ... ئەمەتام...ئەی خاوەن شکۆ گوێت لێمە؟ دەمبینی؟ بەخاوەن شکۆ بڵێن ئەمەتام لێرە... ئەی خاوەن شکۆ... ئەی خاوەن شکۆ...من لێرەم... یەکێ لە خزمەتکارانت، بەڵکو لە هەموویان دڵسۆزتر...

**پیرەژن:** **(هەمیشە وەك دەنگ دانەوە)** دڵسۆزترین خزمەتکارتان... ئەی خاوەن شکۆ...

**پیرەمێرد:** خزمەتکارتان، بەندەت، سەگەکەت، (وەك سەگ دەوەڕێ) حەو..حەو...حەو... سەگەکەت ئەی خاوەن شکۆ...

**پیرەژن: (بەتوندی دەوەڕێ)** حەو... حەو... حەو.. **(دەستەکانی لەیەکدی هەڵدەلووسێ)** نامبینی؟ گەورەم وەڵام بەرەوە، ئاها، بینیمیت، ئاوا ڕووەگەشەکەتم بینی...ناوچەوانە پیرۆزەکەت... بینیم، بەڵێ، لەگەڵ ئەو ئابلۆقەیەی یارو یاوەرلن و دەست و پێوەندان داویانییت، هەربینیمیت...

**پیرەمێرد:** ئەی خاوەن شکۆ! ئەی خاوەن شکۆ! خانمەکانم بەڕێزەکانم، مەهێڵن خاوەن شکۆ بە پێوە بێت... ئەی خاوەن شکۆ دەبینیت، من تەنها کەسێکم کە مشوور خۆرتم و خەمخۆری تەندروستیت، لەگشت رەعیەتەکانت دڵسۆزترم...

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** ئێمە لە هەموو رەعیەتەکانت دڵسۆزترین...

**پیرەمێرد:** چی بکەم تا لەنێولن ئەو حەشاماتەوە ڕێگام بکەمەوە... ئەی خانمەکان و ڕێزداران کەولتە لێمگەڕێن... دەبێ بڕۆم تا ڕێزو نەوازشم بکەمە دیاریی ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ... ڕێگام کەن تا بڕۆم...

**پیرەژن: (دەنگ دانەوە)** لێی گەڕێن ڕەتبێت... وازی لێبێنن با بڕوات... بڕوات... بڕوات...

**پیرەمێرد:** کەولتە ڕێگامکەن بڕۆم..ڕێگامکەن... ئاه! تۆ بڵێی بتوانم بگەمە ئەو؟

**پیرەژن: (دەنگ دانەوە)** ئەو... ئەو...

**پیرەمێرد:** لەگەڵ ئەوەشدا، دڵ و گیان و بوونم لەبەرپێدایە، یارو یاوەرلن و دەست و پێوەندئابلوقەیان داوە، ئاه! ئاه! دەیانەوێ نەیگەمێ... گومانم لێ دەکەن کە من... ئاها!

تێگەیشتم، تێگەیشتم... دەسیسەی ئەوانەی کۆشکی شاهانەیە، ئەوە دەزانم... دەیانەوێ لە یەکترمان بکەن!

**پیرەژن:** خۆشەویستەکەم هێور بەرەوە.. شکۆدار دەتبینێ، تەماشات دەکات... شکۆدار چاوی لێداگرتم.. شکۆدار لەگەڵمانە!...

**پیرەمێرد:** با باشترین شوێن بۆ ئیمپراتۆر تەرخان بکەن.. نزیکی سەکۆی وتاربێژییەوە... با گوێی لە هەموو قسەکانی وتاربێژبێت...

**پیرەژن:** **(بۆ ئەوەی بە باشی خاوەن شکۆ ببینێ، سەر پەیژەکە دەکەوێت و لەسەر نووکی پێ ڕادەوەستێ و ملی درێژ دەکات)** ئەوا لە کۆتاییدا گرنگی و بایەخ بە ئیمپراتۆر دەدەن .

**پیرەمێرد:** سوپاس بۆ خودا! **(بۆ ئیمپراتۆر)** گەورەم... بۆ ئەوە شکۆدارتان دڵنیا بێت... ئەوەی لەتەنیشت شکۆدارتانەوەیە، برادەرمەو لە بری منە... **(لەسەر پەیژەکەیەو لەسەر نووکی پێ ڕاوەستاوە)** خانمەکەم، خانمۆڵەکەم، ڕۆڵە بچکۆڵەکانم گەورەکانم، لێتان دەپاڕێمەوە...

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) پاڕانە... پاڕانەو... پاڕانەوە...

**پیرەمێرد:** لاکەون... حەزدەکەم ببینم... دەمەو... دەمەوێ... تەماشایەکی ئاسمانیانە، بۆ ڕووخسارە شکۆدارییەکەی، تاج، چەپکە ڕۆشنایی تەوێڵی خاوەن شکۆ...گەورەو سەروەرم، ئەو ڕووە شکۆ بەخشە بەلاما وەرچەرخێنە، بەلای خزمەتکارە کڕنووش بۆ بردووەکەت وەرچەرخێ... خزمەتکارە دەستەو نەزەرەکەت...ئاها! ئەمجارەیان زۆر بە جوانی دەبینم... دەبینم...

**پـــیرەژن:** (دەنـــگ دانـــەوە) ئـەمجارەیان دەبـینیْ... دەبینـیْ... بینـیْ... بینیْ..بینیْ... نیْ...

**پیرەمێـــرد:** لەوپـەڕی ئارەزووی خۆمدام... تـەواو دڵـکراوە... بەهیچ وشـەك نـاتوانم هەسـتم دەربـڕم...لـەم ماڵـە پەرپووتـەداو ئاهـا... ئـەی خـاوەن شـکۆ... ئاهـا... ئـەی خۆر... لێـرە لێـرە... لـەم خـانووەدا کـە مـن مارشـاڵم تیایـدا، ئەمـە ڕاسـتە... بـەڵام لـە پلــەداری سوپاکەتا، تەنها مارشاڵی ماڵانم...

**پیرەژن:** (دەنگ دانەوە) مارشاڵی ماڵان...

**پیرەمێـــــرد:** شـانازیت پێوەدەکـەم... شـانازییەك وەك ئـەوەی پێویـستە و لەسەرمە... ئـای خودایە! بێگومـان مـن مارشـاڵم، دەکرا لـە کۆشـکی ئیمپراتۆریـدا بوومایــە، نــەك لــەم کۆشــکە بــچکۆڵەیەدا... ئــەی خـاوەن شـکۆ... مـن... ئـەی خـاوەن شـکۆ، نـاتوانم بـە جـوانی دەربـڕم و بێمـەگۆ... دەکـرا زۆرم هەبوایـە، شـتانێك کـە خـراپ نەبوو... ئەگەر دەمزانی، گەر بمویستایە، گـەر مـن... گـەر ئێمـە... ئەی خاوەن شکۆ... ببورە لە هەڵچوون و کەفو کوڵم.

**پیرەژن:** پتر بە ڕێزەوە قسەی بۆ بکە...

**پیرەمێـــرد:** (بـــە گریانـــەوە) خـاوەن شکۆ، بێـرە خـوارەوەو بمبەخشە... کەواتـە هاتیـت، هیـوا بڕاوبـووم لـە هاتنـت، دەکـرا کـەس لێـرە نـــەبێ... ئـــۆو... ئـــەی ڕزگارکـــەر...لـــە هـــەموو ژیا نمـــا هـــەر سووکایەتیم پێکراوە...

**پـــیرەژن:** (گەڕانـــەوەی دەنگدانەوەکـــە بـــە گریانـــەوە)... سـووکایەتیم... کایەتیم... تیم...

**پیرەمێرد:** لە ژیانما چەرمەسەریی زۆرم دیوە... گەر لە پشتگیری سەروەرتان دڵنیا بوومایە... دەکرا بە شتێك بوومایە.. پشتم نەبوو... ئەگەر نەهاتیتایە ئەوا گشت شتێك بەسەر دەچوو.. تۆ، ئەی سەروەرم، دوایین پشتەو پەناگەم .

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** دوایین پەناگە... ئەی سەروەرم... من... ناگە... دوا...

**پیرەمێرد:** مایەی نەهامەتی هەموو هاوڕێکانم بووم... هەموو ئەوانەی کۆمەکیان لێ کردووم... هەر کەسێك دەستی یارمەتی بۆ درێژکردبم، بەڵا لەسەری دادەباری...

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)**... دەستی درێژ... درێژ کردبێت... در...

**پیرەمێرد:** هەمیشە بەهانەی بەهێزیان بە دەستەوە بوو بۆ ڕق لێبوونم... هیچ شتێکی ئەوتۆی باشیشم نەبووە تا خۆشیان بوێم...

**پیرەژن:** ئەی ئازیزەکەم، تۆ هەڵەیت، تۆ هەڵەیت، من، من خۆشم دەوێیت، من دایکە بچکۆلەکەتم...

**پیرەمێرد:** نەیارانم خەڵات کران و یارانیشم بە ئەرزیانا دلم و خیانەتیان لێ کردم.

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** یارانم.. خیانەتیان لێ کردم... خیانەتیان لێ کردم...

**پیرەمێرد:** خراپەیان دەرهەق کردم... چەوسانمیانەوە... ئەگەر سکاڵایان لەسەر بکەم، هەمیشە لەسەر هەق... زۆر جار ویستوومە تۆڵە لەخۆم بکەمەوە بەڵام بەزەیی دایدەگرتم... نەمدەویست دوژمنەکەم بکوژم و بەزەویدا بدەم هەمیشە زیاد لە پێویست باش بوووم...

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) هەمیشە زیاد لە پێویست باش بووە، باشییەکەی، باشییەکەی، باشییەکەی، باشییەکەی...

**پیرەمێرد:** بەزەییەکەم بۆ شکاندی...

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) بەزەییەکەم، بەزەییەکەم، بەزەییەکەم، بەزەییەکەم.

**پیرەمێرد:** بەڵام ئەوان بێ بەزەیی بوون... دەرزییەکەم پیا کردبن، بەتێلا لێیان داومەتەوە... بە چەقۆ، بە تۆپ، ئێسکیان دەهاڕیم...

**پیرەژن:** ئێسکی... ئێسکی... ئێسکی...

**پیرەمێرد:** شوێنیان دەبردم... دەیان دزیم... دەیان کوشتم... کانگای کارەسات بووم... کۆست کڕ بوومە...

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) کۆست کڕ... کۆست... کۆست کڕ... کڕ...

**پیرەمێرد:** ئەی خاوەن شکۆ... بۆ ئەوەی لە بیرم بچێتەوە... ویستم وەرزش بکەم... بە چیای ئۆلمپ دا هەڵگەڕێم... لاقیان ڕادەکێشام قاچ بخلیسکێنم... ویستم سەر پەیژە کەوم پێپلیکەکانیان شکاندو بەربوویەوەو تێکشکا، ویستم گەشت و گوزار بکەم، پاس پۆرتیان نەدامێ... ویستم لە ڕووبار بپەڕێمەوە پردەکانیان بەست...

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) پردەکانیان بەست...

**پیرەمێرد:** ویستم زەنجیرە چیای پیرنیە ببڕم، بینینی پیرنییەیان لابردووە...

**پیرەژن:** پیرنییەیان لابرد... ئەی خاوەن شکۆ ئەویش دەیتوانی وەك ئەو هەموو خەڵکە ببوایە بە سەرنووسەرێ، بەڕێوەبەرێ، ئەکتەرێ، پزیشکێ،... پادشایە.

**پیرەمێرد:** لەلایەکی ترەوە، نەیاندەویست، لە شوێنێکی شیاودا دامبنێن... هەرگیز کارتی بانگهێشتە کردنیان بۆ نەناردووم... لەگەڵ ئەوەشدا من... گوێگرن چیتان پێدەڵێم...دەمتوانی... هەرخۆم بە تەنیا مرۆڤایەتی نەخۆش ڕزگار بکەم... خاوەن شکۆ، تۆش وەکو من، ئەوە زۆر بە چاکی لەبەر چاو دەگریت... یان هەرهیچ نەبێ، دەمتوانی نەهێڵم ئەو ئازارانە بچێژێت کە لە دواین چارەکەی ئەم سەدەیەدا پێوەی ناڵاندی... گەر دەرفەتی گەیاندنی پەیامەکەم پێ بدرایە... هێشتاوەکو کات بە دەمییەوە ماوەو نەچووە، هیوا بڕاو نیم لە ڕزگار کردنی، نەخشەم بۆی هەیە... ئای خوا، بە زەحمەت دەتوانم دەربڕی خودی خۆم بم...

**پیرەژن:** (لەسەرروو سەرە نەبینراوەکانەوە) وتاربێژ دێت بۆ ئێرە، لە بری ئەم بۆتان دەدوێ... شکۆدار لێرەیە... ئەوسا گوێ دەگرن، لەمەوپاش بیری خۆتی پێوە خەریك مەکە ،گشت کاغەزەکانی گەمەکە بە دەستی خۆتەوەیە، شتەکە گۆڕا، کارەکە گۆڕا...

**پیرەمێرد:** با خاوەن شکۆتان بمانبەخشێ، گەلێ خەم و داخی ترم هەیە... لێیان کەمکردومەتەوەو سووکایەتیان پێ کردووم، خانمەکان گەورەکانم کەمێك لاکەون و، بە تەواوەتی لووتی خاوەن شکۆم لێ مەشارنەوە... دەمەوێت بریسك و باقی گەوهەرەکانی تاجی ئیمپراتۆریی ببینم... بەڵام کە بەڕێزتان تەشریفتان بۆ ماڵە هەژارەکەی من هێناوە منی هەژارت گەورە کردووەو ڕێزت لێناوم... ئای کە قەرەبوویەکی نائاساییە... ئەی خاوەن شکۆ، گەر خۆم قیت کردۆتەوە، ئەوە لە

بوغرابوونەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی بەسەر سوڕمانەوە لێت بڕوانم، دەنا لە لایەنی مانەوییەوە خۆم لەبەر لاقەکانتا فڕێ دەدەم...

**پیرەژن:** **(بە گریانەوە)** لەبەر لاقەکانتا، سەروەرم، ئێمە خۆمان فڕێ دەدەینە بەر پێیەکانت، بەر پەنجەکانی پێت...

**پیرەمێرد:** من تاقیم دەکردەوە... خاوەن کارەکە دەری کردم لەبەر ئەوەی بۆ شیرەخۆرەکەی نە دەچەمامەوە... بۆ ئەسپەکەی... چەند شەقێکم لەسەر خوارد... بەڵام گەورەم هەموو ئەوانە... هیچ بایەخێکی نەما... سەروەرم مادامەکێ... چونکە... خاوەن شکۆ... بڕوانە... لێرەم، لێرە...

پیرەژن **(دەنگدانەوە)** لێرە، لێرە... لێرە... لێرە...

**پیرەمێرد:** مادامەکێ خاوەن شکۆتان لێرەیە... نامەکەم بە بایەخەوە وەردەگیرێت، بەڵام دەبوو وتاربێژەکە لێرە بوایە... وادەکات خاوەن شکۆ چاوەڕوانبێت.

**پیرەژن:** باخاوەن شکۆ لێی خۆش بێت... دەبێ بێت... پاش تاوێ پەیدا دەبێت... تەلەفۆنێکمان بۆ کرا...

**پیرەمێرد:** خاوەن شکۆ زۆر باشە... خاوەن شکۆیان تا گوێی لێ نەگرێت لێرە ناڕوات... ناڕوات بەبێ ئەوەی گوێ لەهەموو شتێك بگرێت...

**پیرەژن:** **(دەنگدانەوە)** گوێ لە هەموو وشەیەك دەگرێت... گوێ لەهەموو وشەیەك... گوێ لە هەموو شتێك دەگرێت...

**پیرەمێـــرد:** ئەو لـە بـری مـن ئـەدوێ... مـن دەتـوانم... بەهرەم نییـە... ئـەو گشت بەڵگەو نووسینەکانی لەلا یە...

**پیرەژن:** (دەنگ دانەوە) گشت بەڵگەکانی لەلایە...

**پیرەمێـــرد:** سـەروەرم، کـەمێك ئـارام، لیـێت دەپاڕێمـەوە... دەبـێ ئامـادە بێت.

**پیرەژن:** دەبێ ئێستا ئامادە بێت...

**پیرەمێرد:** (هەتا ئیمپراتۆر بێـزار نـەبێت) ئەی خاوەن شکۆ گوێم بۆ ڕادێـرە.. لە زووەوە ئیلهامم بۆ هاتووە... لـە چڵ ساڵیدا بووم... ئەمە بە ئێـوە دەڵێم، ئەی گەورەکانم و خانمەکانم...شەوێکیان وەك شەوانی تـر، پاش نانی ئێـوارە... بەر لە چوونە ناو جێگاوە...لـە شوێنەکەی بـاوکم دادەنیـشتم... خـاوەن شـکۆ سمێڵیـشم لـە سمێڵـی تـۆ بابڕتربوو، سنگیشم لە سنگی تۆ توکنتر بوو... تازە موی سپی کەوتبووە سەرمەوە، بەڵام سەری تۆ هێشتا وەکو قاوەیی ڕەنگە... میوانمان هەبوو، کەسانی گەورە، بە دەوری مێزەکە دانیشتبوون و پێدەکەنین.... پێکەنین...

**پیرەژن:** (دەنگ دانەوە) پێکەنین... پێکەنین...

**پیرەمێـــرد:** پـێم وتـن! مـن گاڵتـە ناکـەم... زۆر بـاوکم خۆشـدەوێت... وەڵامیـان دامـەوە... بـووە نیـوە شـەو، هـیچ منداڵێ تـا ئـەو کاتـە درەنگـە بـەئاگا نابـێ...ئەگـەر تـا ئێـستا ش نەخـەوتین، ئـەوە چـونکە منـداڵ نـین و گـەورەبوون... بەهـەرحاڵ بـڕوام پـێ نەدەکردن ئەگەر ئێوە نەتان دواندمایە...

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) ئێوە...

**پیرەمێرد:** لەبری تۆ...

**پیرەژن:** تۆ...

**پیرەمێـــــرد:** بـیرم کـردەوە! لەگـەڵ ئەوەشــدا ژنم نـەهێناوە... کەواتــە مــن هێـشتا منـداڵم... لـەو ئـان و سـاتە دا ژنیـان بـۆ هێنـام، بـۆ هــیچ شــتێ نــا، تــەنها لەبــەر ئــەوەی پێــچەوانەم بــۆ بــسەلمێنن... خۆشبەختانە ژنەکەم دایك و باوك بوو بۆم...

**پیرەژن:** ئەی خاوەن شکۆ، دەبێ وتار بێژ ئامادە بێت..

**پیرەمێرد:** وتار بێژەکە ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت... ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** ئامادە دەبێت... ئامادە دەبێت...

**پیرەمێرد:** ئامادە دەبێت...

**پیرەژن:** واهات...

**پیرەمێرد:** هات...

**پیرەژن:** واهات... لێرەیە...

**پیرەمێرد:** واهات... لێرەیە...

**پیرەژن:** واهات... لێرەیە...

**هەردووکیان:** لێرەیە...

**پیرەژن:** ئەوەتا!... (بێدەنگی، گشت جووڵەیەك ڕادەوەستێت، هەردوو پیرە دەبنە دوو بەردینە پەیکەر، چاویان لە دەرگای ژمارە (٥) بڕیوە، شانۆ بۆ ماوەی نیو خولەکێك بێ جووڵە دەبێت، هەردوو تاکی دەرگاکە لەسەر خۆ دەکەونە سەر پشت... بە شێنەیی و بەبێ دەنگی... پاشان وتاربێژ دەردەکەوێت... کەسایەتییەکی ئاساییە... نموونەیەکی نیگارکێشان و شاعیرانی سەدەی ڕابووردووە، کڵاوێکی لە کوتاڵی ئەستوور دروستکراوی چوار دەور پاشان لەسەر داو، بوینباخێك بە گرێیەکی گەورە بەستراوەو، کراسێکی درێژ، سمێڵ و ڕیشێکی تەنك، بە تەواوەتی ئەکتەرێکی گاڵتەگێڕ دەنوێنێت کە لە خۆباییە، گەر کەسایەتییە نەبینراوەکان پێویستیان بەهەست پێدانێکی زیاتر بوو کە ڕاستەقینەن، دەبێ ئەم وتاربێژە بە کەسایەتییەکی ناڕاستەقینە ببینرێت، بەتەنیشت دیوارەکەی لای ڕاستدا ڕادەبوورێت، بە هەنگاوانی گەورەو بەرەو قوڵایی شانۆکە ڕێ دەکات، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەملاو ئەولای بداتەوە، کە بەلای پیرەژنەکەدا ڕادەبورێت، دەست لە قۆڵی دەدات، تا دڵنیا بێت لە ڕاستەقینەی وتاربێژەکە... لەم کاتەدا پیرەژنەکە دەڵێت) ئا ئەوەتا!

**پیرەمێرد:** ئا ئەوەتا...

**پــیرەژن:** (لێــی دەڕوانێــت و بەدویــدا دەچــێت) خۆیــەتی... ئەوەتا لێرەیە، هــەر بە تەواوەتی خۆیەتی...

**پیرەمێرد:** (سەرنجی دەدات) لێرەیە.. خۆیەتی... خەون نییە...

**پــیرەژن:** خــەون نییــە.. پێشتر ئــەوەم پــێ وتبوو... (دەســـتەکانی بەیەکـــدا دەدات و چاو لە ئاسمــان دەبــڕێ و بــە بێــدەنگی لــە خۆشــیاندا خەریکــە بفڕێــت.. وتاربێـــژ دەگاتــە قـــولایی شــانۆکە... کڵاوەکـــەی هەڵـــدەبڕێ و لەسەر خۆ دەچەمێتەوە، بــە کڵاوەکــەی وەك سوارچــاکی و هــەروەها وەك مرۆڤێکـــی ئــامێری لەبــەردەمی ئیمپراتــۆرە نادیارەکــەدا سڵاو دەکـــات... لەم کاتەدا)

**پیرەمێرد:** ئەی خاوەن شکۆ.. وتار بێژت پێشکەش دەکەم..

**پــیرەژن:** ئەوە.. (ئەوسـا وتاربێـــژ کڵاوەکـــەی لەســـەر دەکاتـــەوەو ســـەر ســـەکۆکە دەکەوێت کە بەســـەر جــەماوەرە نادیارەکــەی ســەر شــانۆدا دەڕوانێــت، بــۆ کورسییەکان... ئەوسا لەبارێکی ڕەسمیدا بەردەوام دەبێت)

**پیرەمێـــرد:** (بــۆ جــەماوەرە نادیارەکـــە)... دەتوانین بۆ یادگاری داوای ئیمـزا بۆ کردنتانی لێبکەن (وتاربێـژ بــە شــێوەیەکی ئــامێر ئەســای بێـــدەنگ، ئیمـــزای دەفتـــەریان بـــۆ دەکـــات و بەســـەر خاوەنـــەکانیانیا دابەشـــی دەکاتەوە... هێشتا وەکو پیرەمێردەکــە دەســتی بــە نــاو دەســتا کــردووەو چــاوی لــە ئاسمــان پــڕ بــووەو بــە خۆشــییەوە دەڵێــت) لە ناو هەموو مرۆڤدا هیچ کەسێك نییە زیاتر لەمە بخوازێت.

**پــیرەژن:** (دەنگدانـــەوە) لــە نــاو هەموو مرۆڤدا هیچ کەسێك نییــە زیــاتر لەمــە بخوازێت..

**پیرەمێرد: (بۆ جەماوەرە نادیارەکە)** ئێستاش، ڕێگا بفەرموون خاوەن شکۆ، ڕووی زارم لە هەمووان دەکەم، خانمەکانم گەورەکانم، کوڕە بچکۆلەکانم، هاوەڵە ئازیزەکانم، هاوڵاتییە خۆشەویستەکانم... سەرۆکی گەورەم، ئازیزان، هاوەڵانم لە چەکدا...

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** ئەی کوڕە بچکۆلەکانم... سەربەرزی... سەربەرزی.

**پیرەمێرد:** ڕووی دەمم لە هەموتان وەك یەك دەکەم، بەبێ گوێدانە ڕەگەزو پلەو پایەو باری ژیان و کۆمەڵایەتی، تا بەدڵ لە ناخەوە سوپاستان بکەم..

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** سوپاستان بکەم...

**پیرەمێرد:** هەروەها وتاربێژیش... بەگەرمی سوپاسی هاتنتان دەکەم بەم ژمارەیە گەورە هاتوون... بێدەنگی، ئەی بەڕێزینە...

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)**... بێدەنگی... ئەی بەڕێزینە...

**پیرەمێرد:** هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە بوونە ئەوەی ئەم کۆبوونەوەیەی ئەم شەو بکرێت، سوپاس بۆ ڕێکخەران...

**پیرەژن:** چاکت کرد... **(لەم کاتەدا وتاربێژ بەخۆبەمەزن نوێنییەوە لەسەر سەکۆی وتار بێژییە، بێ جووڵە، تەنها دەستی نەبێت کە ئیمزای یادگاری دەکات)**

**پیرەمێرد:** بۆ موڵکدارییی ئەم تەلارە، بۆ ئەندازیاری تەلارسازەکە، بۆ ئەو وەستایانەی کە توانایان ئەم دیوارانەی درووستکرد...

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)**... دیوارەکان...

**پیرەمێرد:** بۆ هەموو ئەوانەی بناغەکەیان هەڵکەند... بەڕێزینە بێدەنگی...

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** بەرێزینە...

**پیرەمێــــرد:** مــن ئــەو دارتاشــانەی ئەبــەنوو س لــەبیر ناکــەم، ئەوانــەی ئــەو کورســیانەیان درووســتکرد، ئێــوە دەتــوانن لەســەری دانیــشن، سوپاسێکی بێ پایانیان دەکەم... **سوپاس بۆ وەستای چاپووک**..

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)**... چاپووک...

**پیرەمێــرد:** ئەو کورسییە نەرم و شلەی دروستکرد کە خاوەن شکۆتانی تیــا نقــووم بــووە...ئــەوەی ڕێگــر نــەبووە لێــی تــا شــکۆو هێــزو تونــدی پێــوە بنوێنــێ... ســـوپا س بــۆ گــشت پیــشەمەندێك، ئامێرسازان، ئەلەکتریك کاران..

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)** کاران... کاران...

**پیرەمێـــــــرد:** کاغــەز درووســتکەران، کرێکــارانی چاپخانە،هەڵەچــنان، نووســەران ئەوانــە بــە بەرنامــەی رازاو بــە جــوانترین نــەخش و نیگــار قــەرداریانین، بــۆ یــەکگرتنی جیهــانی گــشت مرۆڤـــ، ســوپاس، ســوپاس، ســوپاس بۆ نیــشتیمانەکەمان، بــۆ دەوڵــەت **(ئاور لەو شوێنە دەداتــەوە کــە دەبێت ئیمپراتــۆری لــێ دانیــشتبێت)** ئەوە بــە دادپــەروەری هــەق پەروەرانــە وە پێــشڕەویەتی... ســوپاس بــۆ کرێکارە ژنەکە..

**پیرەژن: (دەنگدانەوە)**... فرۆشەکە...

**پیرەمێرد:** ژنەکەم... هاوڕێکەم... سەمیرە ئامیس...

**پـــــیرەژن: (دەنگدانـــــەوە)**... نەکــەم...ڕێیەکــەم...مــیس... **(بۆخـــــۆی)** خۆشەویستەکەم، هەرگیز یادکرد نمی لەبیر ناچێت...

**پیرەمێرد:** سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کۆمەکیان کردم، کۆمەکی دارایی، یان مانەوی، یارمەتییەکی گەورەو گران و کاریگەر ئەوەی هاوبەشی کرد لەسەرکەوتنی ئاهەنگەکەی ئەمشەومانا... هەروەها سوپاس، بەتایبەتی سوپاس، بۆ سەروەری ئازیزمان، ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ...

**پیرەژن:** **(دەنگدانەوە)**... وەن شکۆ...

**پیرەمێرد:** **(چوار دەوری کەش و ماتە)** کەمێك بێ دەنگی...ئەی خاوەن شکۆ.

**پیرەژن:** **(دەنگدانەوە)**... دەنگی... نگی...

**پیرەمێرد:** ئەی خاوەن شکۆ، نە خۆم و نە ژنەکەم هیچ خواستێکمان لەم ژیانەدا نەماوە بیخوازین... دەکرێ بەم ڕێزلێنانە بگاتە کۆتایی...سوپاس بۆ ئاسمان ئەم هەموو ساڵە هێمنییەی پێ بەخشین... ژیا نمان پڕبووە لەچاکترین پڕبوون، ئەرکی خۆم گەیاند... مادامەکێ پەیامەکەم بۆ هەموو دونیا ڕادەگەیەنرێت.. کەواتە بێهوودە نەژیاوم.. **(ئاماژە بۆ وتار بێژەکە دەکات کە لێی بێ ئاگایە، ئەویش بە هەردوو پەلی ئەو خەڵکە لەخۆی دوور دەخاتەوە کە یادگارە ئیمزایان لێ دەوێت)**... بۆ جیهان، یان ڕاستترە، بۆ ئەوەی کە لێی ماوەتەوە! **(جوڵەیەکی فراوان بۆ ئەو خەڵکە زۆرە نابینراوە)** بۆ ئێوە، گەورەکانم و خانمەکانم و هاوڕێ ئازیزەکانم ئەی ئەوانەی لە مرۆڤایەتی ماونەتەوە،بەڵام دەتوانرێت بەو پاشماوەیە شۆربایەکی خۆش خۆش درووست بکرێت... ئەی وتاربێژە دۆستەکەم... **(وتاربێژ لەلایەکی تر دەڕوانێت)** ئەگەر ماوەیەکی زۆر بڕوات پێم

نەبووەو، وەك پێویست لەلایەن هاوسەردەما نەوە ڕێزم لێ نەنراوە، ئەوە دەبوو هەروابێت... (دەگری) هەموو ئەمانە چی تیایە مادامەکێ بۆتۆی بەجێ دەهێڵم، ئەی وتاربێژ ئەی برادەرە ئازیزەکەم (**وتاربێژ خواستی ئیمزاکردنێکی نوێ ڕەت دەکاتەوە، پاشان بێ پەروا بەگشت لایەکدا دەڕوانێت**) ئەرکی ڕۆشنی پەخشی ڕووناکی بیرو گیانم بۆ نەوەکانی ئایندە، کەواتە فەلسەفەکەم بەدونیا بناسێنە، وردەکارییەکانی ژیانم فەرامۆش نەکەیت، ئەگەرچی هەندێکیان، هەندێ جار پێکەنین بەخشەو یان خەماوییەو بەزەیی بزوێنە، هەروەها خووو ئارەزووەکانم و چڵێسە سەیرەکەم لە خواردنا... هەمووشتێ بگێڕەوەوە... باسی هاوسەرەکەم... (**پیرەژن دەداتە قوڵپەی گریان**)... باسی ئەو جۆرە قارچکە تورکییە بچووکەی خواردنی نایابی لێ درووست دەکرد، لەتوێی گۆشت کەروێشك بە شێوازی نور مەندییانە... باسی پیری نیشتیمانەکەم، شوێنی لە دایکبوونم بکە...ئەی مامۆستای مەزنی وتاربێژی بڕوام پێتە... بەڵام سەبارەت بە من و هاوسەرە وەفادارەکەم هیچمان نەماوە.. پاش ساڵانێکی زۆر، دووسەرباز لە سەربازانی کێشەیەکی ڕەوا لە پێناوی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییدا کارو کۆششمان کردووە... هیچمان بۆ نەماوەتەوە تەنها خۆ کشاندنەوە نەبێت... لەم ئان و تاوەدا، لەپای بەخت بوونی گەورەدا، کە هیچ کەسێك داوای لێ نەکردبووین، بەڵام بەهەر جۆرێ بێت پێشکەش دەکەین...

**پیرەژن: (بە گریانەوە)** بەڵێ، بەڵێ، با لەناو ئەو گشت سەروەرییەدا بمرین..

بـــا بمـــرین، بـــا بمـــرین و، هەنـــدێ بـــە داســـتان بـــین... ڕێگامـــان دەکەینەوە...

**پیرەمێـــرد:** (بـــۆ پـــیرەژن) ئـەی هـاوڕێ بە وەفاکـەم بەختـەوەرم پێت!... تـۆ ئـەی ئـەوەی بـاوەڕت پێهێنـام، بـە درێـــژایی ئـەو هـەموو سـاڵەو بـــەبێ بێزاربوونـــت لـــێم، ئـــەی ئـــەو کەســـەی هەرگیز،هـــەرگیز دەســت بــەردارم نــەبوویت...ئــای خودایــە، ئــەمڕۆ، ئــا لــەم کاتــە هەڵکــشانە بــەرزەدا، بــێ بەزەییانــە ئــا پوورەی خەڵکەکــە لێکمــان دەکەن... لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووم دەکرد

بەگەرمی ئارەزووم دەکرد

لە کۆتایماندا

هەر. هەردووکمان

لەژێر یەك پێستەوە

ئێسك و پروسکمان بڕژایە

لەیەك گۆڕا بنێژرایینایە

حەزم دەکرد

کرم گۆشتی بخواردینایە

و پێکەوە بۆگە نمان بکردایە...

**پیرەژن:** پێکەوە بۆگە نمان بکردایە...

**پیرەمێرد:** ئەی خودایە!... ئەی خودایە!...

**پیرەژن:** ئەی خودایە!... ئەی خودایە!...

**پیرەمێـــــرد:** ...لاشـەکانمان، هەریەکـەیان دوور لـەوی تریـان بەردەبێتـەوە، دوور لەیەکدی بۆگەن دەکەن... لێمان گەڕێ، زۆر سکاڵامە.

**پیرەژن:** دەبێ ئەوە بکەین کە دەبێ بیکەین!...

**پیرەمێـــــرد:** بیرچوونەوە نامانپێتـەوە، هەمیـشە ئیمپراتـۆری نـەمر یادمـان دەکات.

**پیرەژن:** (دەنگدانەوە) دەکات.

**پیرەمێـــــــرد:** لەبـــەر ئـــەوەی ئێمـــە مـــرۆڤین و شـــارەکا نمانین، ئاســـەوار بەجێدەهێڵین...

هەردوکیان: ڕێگای خۆمان دەبێت!

**پیرەمێـــرد:** دەبا هـەردوو لە کات و هەتاهەتاییدا یـەکبین، مادامەکێ نـاتوانین لە شوێندا یەکبین، هەرچۆن لـە تەنگانەدا وا بـووین، دەبا هـەردوو لەیەك تاودا پێکەوە بمرین... **(بۆ وتاربێژە بێ جووڵەو بێ خەم لە گـشت شـتێك)** بۆ دواجار... بڕواکەم بەجێت دێڵم... بڕوام پێتە... گشت شتێك دەڵێیت... پەیامەکەمت پێ سپاردیت... **(بـۆ ئیمپراتـۆر)** ئەی خـاوەن شـکۆ ببەخـشە... ماڵئـاوا... لەهـەمووتان، ماڵئـاوا ئـەی سەمیرە ئامیس!... بـژی ئیمپراتـۆر! **(کاغەزو قردێلە ڕەنگییینەکان بەسەر سـەری ئیمپراتـۆردا هەڵـدەدات، دەنگـی مـۆزیکی ئـامێرە فووداره‌کـان دەبیسترێت ڕووناکییەکی کراوە وەك ئاگری دروستکراو )**

**پـیرەژن:** بـژی ئیمپراتۆر! **(کاغـەزو قردێلـە ڕەنگـیین بەسـەر سـەری ئیمپراتـۆردا هەڵدەدات، پاشـان بۆسـەر وتاربێـژ کـە بـێ هەسـت و جووڵەیـە، بـۆ سـەر کورسییە بەتاڵەکان )**

**پیرەمێرد:** **(بەردەوامە )** بژی ئیمپراتۆر!

**پیرەژن:** **(بەهەمان شێوە )** بژی ئیمپراتۆر!

هەردووکیان: (لەیـەك کاتـدا هەریەکـەیان لەپەنجەرەکەیـەوە خۆیـان فـڕێ دەدەنـە خوارەوەو هاوار دەکەن ((بژی ئیمپراتـۆر)) کـت و پـڕ کپـی و خامۆشـی ئەوناوە، پاشان ئاگری درووستکراو پرشنگ دەدات، لـە هـەردوولاوە (ئـاه) و دەنگی کپ بووی بەربوونەوەی هەردوو لاشەکە بۆناو ئاوەکە دەبیسترێت، ئـەو ڕووناکیانە لە دەرگا گەورەکەو هەردوو پەنجەرەکەوە دێت بەرە بەرە نامێنـێ، تەنها ڕووناکییە کزەکەی سەرەتا دەمێنێت، هەردوو پەنجەرە تاریکەکە هەردوو تاکیان بە کراوەیی دەمێننەوە، لە کاتێکا (با) پەردەکانیان دەهێنێ و دەبات، وتارێژ پاش خۆ کوشتنە دووقۆڵییەکەی پیرەمێردو پیرەژن و پـاش ئـەو بـێ دەنگی و بێ هەست و بێ جووڵەییە بڕیاری ئاخـاوتن دەدات بەرامبـەر ڕیـزە کورسییە بەتاڵەکان، دەیەوێت لە جەماوەرە نابینراوەکە بگەێنێ کەڕوڵاڵە بۆیە بەهەمان جووڵەی کەڕولاڵن بۆیـان دەدوێـت بـەڵام بـێ سـوودەو ناتوانێـت حاڵییان بکات، پاشان لە گەرووییەوە لەو دەنگانە دێت کە لە لاڵەکانەوە دێت!)

((هی، مم، مم، مم..

جوە، جوە، جوە، جوە

گە، گە، گە

هێوە، هێوە، گییە، گییە، گییە، گییە ))

(هەست بە دەرفەت نەهاتن دەکات، هەردوو قۆڵی بەم لاو لاویـدا بەردەبنـەوە، لـە پڕا ڕووی ڕووناك دەبێتەوە، بیرێکی بۆ هاتووە , بەلای تەختـە ڕەشـەکەدا وەردەگـەڕێ، کڵۆ تەباشیرێك لە گیرفانی دەردێنێو بە پیتی گەورە دەنووسێ)

((ئا ن چ ی ب ی ن))

پاشان:

(( ن ن ئا ئا ن ن م ن و ن و ن و لە ))

(سەر لەنوێ بەلای بینەرانـدا کـە لەسـەرتەختەی شـانۆکەن وەر دەچـەرخێو، بـە پەنجە ئاماژە بۆ ئەوانە دەکات کە لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسیویەتی )

**گوتاربێژ:** م م م، م م م، چ ی و ی و، چ و، چ ی، م م م، م م م ، م م م، م م م م .

(پاشان بە تووڕەییەوە بە جووڵەی توندو تیژەوە ئەوانە دەسـڕێتەوە کـە بـە تەباشـیر نووسیویەتی، شتی دی دەنووسێ و تەنها ئەم پیتە گەورانەی تیا )

**دەبینرێت:** ئا ئا د ی و ئا د ی و ئا ب ئا

(وتاربێژ ئاوڕ لە هۆڵەکە دەداتەوە، بە ڕوویەکی خۆشەوە دەپرسێ، هیواداره‌شتێکی‌وتبێت تێگەیشتبن لێی، بە پەنجە ئاماژە بۆ کورسییە بەتاڵەکان دەکات تا ئەوەی لە نووسینی‌بوونەوە، بۆ چەند ئاوێك بە لووت بەرزییەوەو بێ جووڵە ڕادەوەستێ و وەك لە خۆی ڕازی بێت،پاشان کە هیچ کاردانەوەیەك، وەك ئەوەی دەیخوازێت نابینێ، وردە وردە ڕووخۆشی و خەندەی بزر دەبێ و ڕوخساری دەگۆڕێت، ئاوێکی دی چاوەڕوان دەبێت، لە پڕا سڵاوێکی گاڵتە چیانەی توند دەکات و لە سەکۆکە دادەبەزێت، بەرەو دەرگا گەورەکەی قوڵایی شانۆ بە هەنگاوی ئارمایی ئاساوە دەڕوات، بەر لەوەی بچێتە دەرەوە سڵاوێکی زۆر لە خۆ کردووانە لە ڕیزی کورسییە بەتاڵەکان و ئیمپراتۆری نادیار دەکات، تەختەی شانۆ بە سەکۆو کورسییە بەتاڵەکانەوە دەمێنێ و زەمینەدارینەکەی شانۆش بە کاغەزو قردێلەی ڕەنگین داپۆشراوە، دەرگای‌دواوە بە ڕووی تاریکی و تووندا خراوەتە سەر پشت، بۆ یەکەم دەنگی هەراو هۆریایەکی مرۆڤانە لە قەرەباڵغییە نادیارەکەوە دەبیسترێت، دەنگە دەنگ و وتەوت و منجە منج و چپە چپو گاڵتە چییانە، ئەم دەنگانە بە کزی دەبیسترێت و بەرە بەرە بڵند دەبێت، پاشان جارێکی‌دی‌وردە وردە کز دەبێت، دەبێ ئەمە ماوەیەکی ئەوتۆ بەردەوام بێت، هەتا خەڵکەکـە — بینـەری ڕاستەقینە — دەچنە دەرەوەو ئەم کۆتاییە لە ناخیاندا دەچەسپێت، پەردەکە لەسـەر خـۆ دادەدرێتەوە )

(کۆتایی )

و. ئەحمەد سالار

## سەرنج :

ئەم دەقە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی دکتۆر نعیم عطیة (مسرحیات عالمیة/مسرح العبث / الهیئة لمصریة العامة للتالیف والنشر/ ١٩٧٠)وە کراوە بە کوردی.

ژمارەی سپاردن: (٨٥٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ی
وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە .